هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 45

سالْ/ 2007 – بەرگی چل و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2008

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/9 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/10 ل65

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/11 ل165

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/12 ل277

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/17 ل311

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (36) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/26 ل325

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (37) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/12/27 ل383

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (38) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/30 ل429

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (39) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/31 ل577

بێت، لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ بێت، مانای وایە لایەنەکانی تریش کە زۆربەمان دەزانین هێشتا خەباتمان دەوێت بۆ چارەسەر کردنی، ئەویش لادەچێتن، کە دیموکراسیمان باس کرد، یەعنی شەفافیەت هەیە، کە دیموکراسیمان باس کرد یەعنی عەدالەت هەیە، یەعنی گەندەڵی نەماوە ئینشاءالله، هەمووومان بەڵێن تازە دەکەینەوە لە رۆژی مافی مرۆڤی جیهانی، پابەندیمان دووپات دەکەینەوە بەو ڕاگەیاندنەی ساڵی 1948 وە ئومێدیش دەکەین بەهەموو لایەکمان، حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەری، هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت، بەیەکەوە خەبات بکەین هەر یەك و لە شوێنی خۆیەوە، بۆ گەیشتن بە گۆمەڵگایەکی مەدەنی، کۆمەڵگایەکی دوور لە هەر ستەمێك کە لە ڕابوردوودا تووش بووە و زۆریش قوربانیمان داوە، ئێستاش داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ کردنەوەی خاڵی یەکەم، با بفەرموون لێرە دابنیشن.

خاڵی یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاری کورد، وەلەو کوردستان ڕاسترە، نازانم چۆن هاتووە؟ ژمارە 12 ی ساڵی 1997،کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەوە پێشتر پرۆژە بوو، ڕەوانەی حکومەتمان کرد، گوتمان دەبێ بە هەموار کردن بێت، چونکە خۆی هەیە، ئەوجا ئێستا هاتووتەوە، با بیخوێننەوە، کاك کەریم.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2007، یاسای هەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی عیراق ژمارە 12 ی ساڵی 1997

ماددەی یەکەم: ناوی یاسای ژمارە 12ی ساڵی 1997 لەناوی یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی عیراقەوە، هەموار دەکرێت بۆ یاسای ئەکادیمیای کوردی.

ماددەی دووەم: ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە 12ی ساڵی 1997 ، هەموار دەکرێت، بەو جۆرە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی یەکەم: لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا کۆڕێك بە ناوی ئەکادیمیای کوردی دادەمەزرێ، بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێندرێت.

ماددەی سێیەم:ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە 12ی ساڵی 1997، هەڵدەوەشێتەوە و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

1 - پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی، و پەرەپێدانی.
2 - کار کردن بۆ دەوڵەمەند کردنی وشە و زاراوەی کوردی، بە سوود وەرگرتن لە شێوە جیاکانی، بۆ گەیشتن بە زمانێکی فەرمی، ستاندەردی یەکگرتوو.
3 - بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردیەکان و باسە زانستی و زمانەوانیەکان، تاوەکو لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیری، بڕوات بە ڕێوە.
4 - گرنگی دان بە کەلەپووری نەتەوایەتی کوردی .
5 - گرنگی دان بە خوێندنی مێژووی کورد و کوردستان، رۆشنبیری و شارستانیەتەکەی.

6 - هاندان و پشتگیری کردنی دانان و وەرگێڕان، لە زمانی کوردی و بۆی.

7 - بە دیکومینت کردن، و پتەو کردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەکادیمیە زانستیەکان، و زانکۆکان، و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، لەناوەوەی هەرێم و دەرەوەدا.

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم:ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت، و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع كوردستان)، بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون تعديل قانون المجمع العلمي لكوردستان - العراق رقم 12 لسنة 1997

المادة الاولى: يعدل اسم قانون رقم 12 لسنة 1997 من قانون المجمع العلمي لكوردستان العراق الى قانون الاكاديمية الكوردية.

المادة الثانية: تعدل المادة الاولى من قانون رقم 12 لسنة 1997، و تقرأ كالآتي:

المادة الاولى: يؤسس في اقليم كوردستان العراق، مجمع بأسم الاكاديمية الكوردية، و يرتبط برئاسة مجلس الوزراء.

المادة الثالثة: تلغى المادة الرابعة من قانون رقم 12 لسنة 1997 ،و تقرأ كالآتي:

يهدف المجلس الى تحقيق ما يلي:

1-المحافظة على اصالة اللغة الكوردية، و تطويرها.

2-العمل على اغناء المفردات و المصطلحات الكوردية، للاستفادة من لهجاتها المختلفة، وصولاً الى لغة رسمية موحدة.

3-النهوض بالدراسات الكوردية، و البحوث العلمية و اللغوية، لمواكبة التقدم العلمي و الثقافي .

4-الاهتمام بالتراث القومي الكوردي.

5-العناية بدراسة تأريخ الكورد و كوردستان، ثقافته ، و حضارته.

6- تشجيع و تعضيد التأليف و الترجمة من و الى اللغة الكوردية.

7-توثيق و تعزيز العلاقات بالمجاميع العلمية و الجامعات و مراكز البحث العلمي داخل الاقليم و خارجه .

المادة الرابعة:على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره و نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و خوێندی باڵا ،و لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ هەر ئەندامێکیش لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەن، پاش خوێندنەوەی، خۆیان ئامادە بکەن بۆ موناقەشە. زۆر بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێز

خاڵی چوارەم، خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاری کورد ژمارە(12)ی ساڵی 1997 کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە. داوا لەلیژنەی رۆشنبیری ئەکەم بێن دانیشن لەشوێنی خۆیان، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای دواخستنی ئەو پرۆژە یاسایەش ئەکەم، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەوەش پێویستی بەگفتوگۆکردن ودیراسەکردنی زیاتر هەیە، ئەو پرۆژە یاسایە، پێویستە لەلایەن لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری وپەروەردەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، وەکو دکتۆرە شوکریە ئێستا باسی کرد، سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە هیچیان لێرە ئامادە نین، ئەوە یەك، دووش-: ئێمە خۆمان لەبەر ئەوەی جارەکەی تر، بۆ ئەو پرۆژەی لەبەردەستمان بوو، گفتوگۆمان کرد، بەڵام بۆ ئەمە جارێ دانیشتنمان نەکردووە، خاڵێکی تریش هەیە، من پێم وایە هەر لێرەدا باسی بکەین ئەو مەوزوعە زۆر باشە، ئەم پرۆژە یاسایە با باشتر بیری لێ بکەینەوە، ئەو هەموارکردنە، بۆ ئەکادیمیای کوردیە، ئەوە لەکوردستان پێویستیمان بەدامەزراندنی چەند ئەکادیمیایەکی تریش هەیە، ئەو مەسەلەیەش بەلانی کەمی لای لیژنەی رۆشنبیری یەکلایی نەبووەتەوە، ئایا ئەکادیمیای کوردستان بێت، یان بەش بەش بێت، بەشی سریانی و بەشی تورکمانی، یان هەریەك ئەکادیمیا بێت، یان هەر یەکەو ئەکادیمیای کوردی هەبێت، ئەگەر هەر یەکەو ئەکادیمییایەکی هەبێت، پلەی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن، هەمووی پلەی تایبەتن، یەعنی ئێمە ئێستا بەدەستی زۆری وەزیر وپلەی تایبەتەوە دەناڵێنین لەحکومەتەوە، کەچی دیسان ژمارەیەکی دیکەش وەزیرو پلەی تایبەتی زیاد دەکەینە سەر دەزگاکە، حەقیقەتێکی تریش هەیە، ئێمە، بیلێین ئەگەر ئەکادیمیای کوردی بێت، لە چ ئاستێکدا دەبێت، وە چ هێزێکی ئەبێت، ئەبێ ئەکادیمیای تورکمانیش لەهەمان ئاستدا بێت، سریانیش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو مەوزوعە، وەکو لیژنەی رۆشنبیری بۆ ئەوەی باشتر لێکۆڵینەوەی بۆ بکەین و باشتر دیراسەی بکەین، کۆبوونەوەی خۆشمان لەسەری بکەین، لیژنەی پەروەردەش خۆی حازر بکات، ئەوەش بۆ کاتێکی تر دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەبوو فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێشنیارەکەی سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری، ئەکرا تەنها پێشنیاری ئەوە بکات، تەوزیحی ئەو هەمووە نەکات، چونکە ئەو تەوزیحە ئەکرێ لەماددەی یەك کە موناقەشە ئەکرا، بێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتە نیزامییەکەت دروستە، تەفصیلاتەکە داخڵی ماددەکانی ترە، موقتەرەحەکەی کاك ئارێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری، ئەوەیە کە ئەو خاڵە دوابخرێت، کێ رەئی تری هەیە؟ کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو پرۆژە جەنابتان ئەزانن، وەکو بابڵێین پرۆژە یاسایەك هات بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی هەموو پرۆژەکە موناقەشەی لەسەر بکرێت، دوای ئەوەی کە لێرە، 8 - 9 برادەر موداخەلەیان کرد، قسەیان لەسەر کرد، بۆ ئەوەی ئێمە کاتێکی زۆر نەکوژین، چونکە بەڕاستی لە ئەساسدا پرۆژەکە گۆڕانی تێدا نیە، چەند فەقەرەیەکی کەم نەبێت، بۆیە لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان، هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پرۆژە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بەشێوەی تەعدیل بێتە ئێرە، کە ئەو دوو، سێ فەقەرەیە، من پێم سەیرە ئەو کاتەی کە ئێمە هاتین بۆ موناقەشەی هەموو پرۆژەکە، ئەندامانی پەرلەمان نیشانیان نەدا، بەتایبەتیش کاك ئارێز، کە ئەوان خۆیان ئامادە نەکردووە بۆ موناقەشەی فەقەرە بەفەقەرەی پرۆژەکە، کە خۆشیان ئەزانن هاتووینەتە قاعە بۆ ئەوەیە، بۆ ئێمە، موسادەقە لەسەر پرۆژەکە بکەین، ئێستا نێردراوە بۆ حکومەت، هاتووەتەوە بەتەعدیلێکی زۆر کەم، یەعنی هەموارە کە ئێستا لەپێشتانە، هەمووی خۆی لەیەك وەرەقەدا ئەبینێتەوە، بەڕاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندییان بەمن کرد، کەزۆر زەرووره، ئەو تەعدیلە پێش کۆتایی هاتنی ئەو دەورەیەو دەست پێکردنی عوتڵە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە موناقەشەی لەسەر بکرێت، جا بەڕاستیش ئەگەر موبەڕیرەکە شتێکەو پێویست بەوە ئەکات، کە کاتێکی تر بکرێت، ئەوە تەبیعیە، بەڵام بەبڕوای من، یەعنی ئێمە بەزەرووری ئەزانین، کە دەبوایە لیژنەی ڕۆشنبیریش حەتا لەسەر تەعدیلەکەش کە ماوەی کافیشی هەیە، گەڕاوەتەوە بۆ ئێرە، دەبوایە بەڕاستی مولاحەزاتی خۆیان، سەرنجی خۆیان، بیروڕای خۆیان لەسەر بدایەو خۆیان بۆ ئامادە بکردایە، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێرە موناقەشە بکرایەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری برای بەڕێزم کاك سەعد ئەکەم، بەتایبەتیش ئەو پرۆژەیە دەمێکە هاتووەتە پەرلەمان، گلەییەکی زۆریشمان لەسەرە و گلەییش هاتووەتە پەرلەمان، گازندەیەکی زۆرمان لەسەرە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە، ئەو عەعدیلاتەی کە هاتووە، تەعدیلێکی زۆر کەمە، تەنها هەمان یاسای قانونی مجمع العلمیە، لێرەدا هەندێك اصتلاحات گۆڕاوە، لە ئەهدافیش یەك، دوو برگە گۆڕاوە، ئەگینا هەر هەمان یاسایە، بۆیە من لەگەڵ بۆچوونەکانم بەوەی بەردەوام بین لەسەر موناقەشەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز تۆ سەحبی ئەکەیت.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر بۆی نیە، لێرە رەخنە لە ئێمە، بگرێت، کە ئایا گفتوگۆمـان کـردووە یـان نـەمانکردووە، بـۆ ئاگاداری جەنابت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بۆی هەیە، بەپێی نیزامی داخلی حـەقی تەصویتی نیـە، ئەگـەر هـیچ وەزیرێـك نەیـەت ئـەو تـەعبیر لـە حکومەت ئەکات، رەئی حکومەت بەئێمە ئەڵێت، حکومەت خۆی مەسـئولە کـە ئـەوی نـاردووە، لەبـەر ئـەوە ئیمە لەکۆبوونـەوەی پێشوودا، خۆمـان رەدمـان کـردەوە موناقەشـەکەی، خۆمـان داوامـان کـرد لەحکومـەت، پرۆژەکە نێردرایەوە بۆ حکومـەت وتمـان قـانونی تـازە نیـە، ئـەبێ هـەموار بکرێـت، ناردوویانـە ئێسـتا ئـەو گلەییـەیان تەبیعیـە ئەگـەر لـە ئێمـەی بکـەن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا وجهـەت نەزەرەکـەت مـەنتقی هەیـە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی رۆشنبیرییە بـۆ دواخسـتنی بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟ فـەرموون 13 کەسـە، ئـەوە موفتـەرەحی لیژنـەی رۆشـنبیری رەتکرایـەوە، کـەدوابخرێت، بـەردەوام ئـەبین، فەرموو دانیشە کاك ئاریێز لەمەنەسە.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك احسان ئامێدی دێتە سەر مەنەسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە فەرموو، لیژنەی رۆشنبیریش فەرموون ئێوەش وەرن، ئێستا دەست بکـەن بەموناقەشـەی خـاڵ بـەخاڵ تکایە، فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە، هەردوو راپۆرتمان پێیە، راپۆرتێکی هاوبەش لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی، لەسـەر پرۆژە بڕیارەکەی پێشووتر، راپۆرتێکیش هی لیژنەی پەروەردە خۆی بەتەنها، بۆ هەموار کردنەکـە ئـەکرێ یەکێك لەئەندامانی لیژنە بفەرموونە سەر مەنەسە، تا لەتەعدیلەکە رای خۆمان بڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کـاك کـەمال رەئیـەکی هەیـە، ئـەڵێت ئەوانـەی کـەوا داوای تـەئجیلیان کـرد، دەنگیـان نـەهێنا، بـەڵام دەبـێ بیدەیتە دەنگدانەوە کەچەند کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە بەردەوام بێت، هەرچەنـدە من پێم وایـە، تەحصـیل حاصلە، بەئەکسەرێتە، بەس ئەوەش ئەخەمە دەنگـەوە، کـێ لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە بـەردەوام بـین لـەم خاڵـە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ ئەوە بەزۆرینەیە فەرموو، لیژنەی پەروەردە فـەرموو دانیشـن بـۆ خوێندنـەوەی راپۆرتتان، ڤیان خان تۆ ئەیخوێنیتەوە دەی وەرە، کاك ئاریێز دەتوانیت وەکو شەخصـیش دابنشـیت، چـونکە سەرۆکی لیژنەیە، کاك احسان جەنابیشت وەرە دانیشە، کاك عەونی دەست پێبکەن فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کرا بۆ پەرلەمان، بەهەموارکردنی یاسای، مجمعی عیلمی کوردستان بەژمارە( 12)ی ساڵی 1997، وەپاش خوێندنەوەی یەکەمی لەپەرلەمان لەدانیشتنی رۆژی 2007/12/10 رەوانەی لیژنەکەمان کرا، لیژنەی یاسایی پاش گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکە، بیدایەت تەئیدی پرۆژەکە ئەکات، لەبەر ئەوەی تەعدیلی چەند ماددەیەك ئەکات، لەقانونی ئەصڵی گۆڕانکارییەکانیش وا بەئەهەمیەت نیە، پاش موناقەشەکردن، ئێستا ماددەکان یەك، یەك دەیخوێنینەوە، دوایی گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، رەئی کۆتاییش بۆ ئەندامانی پەرلەمانەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەقی یاساکە ئەخوێنمەوە بەکوردی،**

**یاسای ژمارە(  )ی ساڵی 2007**

**یاسای هەموارکردنی یاسای کۆڕی زانیاریی کوردستانی عێراق**

**ژمارە(12)ی ساڵی 1997**

**ماددەی یەکەم: ناوی یاسای ژمارە(12)ی ساڵی 1997 لەیاسای(کۆڕی زانیاریی کوردستانی عێراقەوە) هەموار دەکرێت بۆ (یاسای ئەکادیمیای کوردی).**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون رقم ( ) لسنه 2007**

**قانون تعديل قانون المجمع العلمي لكوردستان- العراق رقم(12) لسنة 1997**

**المادة الاولى: يعدل اسم قانون رقم(12) لسنة 1997 من قانون المجمع العلمي لكوردستان- العراق الى قانون الاكاديمية الكوردية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی نیە، لەسەر ماددەکە ، بەس ئیعادەی صیاغەی کردووەتەوە، بەم شێوەیەیە کە ئەیخوێنمەوە.**

**الماده الاولى: يعدل اسم القانون رقم 12 لسنه 1997 من قانون المجمع العلمى لكوردستان - العراق الى(قانون الاكاديميه الكورديه)، الف لامەکەی لە پرۆژەکەدا بەتەنها هاتیە، قانون، ئێمە الف ولامان ئیزافە کردووە، تەنها ئیعادەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی رۆشنبیری فەرموون، ئەی ئێوە لەگەڵ دەقەكەن یان لەگەڵ تەعدیلەكەن، ئێوە الف ولامەكەتان ناوێت؟

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نیە، تەئیدی راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێت قسە بكات با ناوی بنووسم، كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم یاسایەی ئەمرۆ لەبەردەم ئێمەدایە، یاسایەكی زۆر گرنگە، ئەتوانم بڵێم یاسایەكی چارەنووسسازە، چونكە وڵاتانی پێشكەوتوو كاتێ كە پێشكەوتن، یان ئەو گەلانەی كە پێش كەوتوون، پێش نەكەوتوون و ئەكادیمیای زانستیانەی خۆیان دامەزرێنن، ئەوان ئەكادیمیای زانستیان دامەرزاندووەو یەكێك لەو هۆكارانەی كە پێی پێش كەوتوون، ئەوەیە كەئەكادیمیای زانستی خۆیان هەبووە، بۆیە دەبێ ئێمە ئەم یاسایە بەهەند وەربگرین، ئەمە لەلایەك لەلایەكی تریشەوە، بەحوكمی كاركردنم لە كەشوهەوای زانستی وەكو مامۆستایەكی زانكۆ، بەڕاستی حەق بەخۆم ئەدەم، هەندێك قسە لەسەر ئەم بابەتە بكەم، من پێم وایە ناوەكەی خۆی وەكو ئەكادیمیای زانستی كوردستان بێت، چونكە زانست و مەعریفە لەسەر بنەمایەكی نەتەوەیی دروست ناكرێت، ئەگەر بكرێت ئەشێ لەسەر چوارچێوەیەكی جوگرافی ولەسەر بنەمایەكی نیشتمانی دروست بكرێت، ئەگەر بێتو ئێمە ئەمە بكەین بەئەكادیمیای كوردی، ئەو وەختە ئەبێ مافیش بەوە بدەین، كە برا توركمانەكان و برا كلدو ئاشووریەكانیش ئەكادیمیای خۆیان هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەمە ئەكادیمیای زانستی كوردستان بێت، یان كۆڕی زانیاری كوردستان بێت، ئێمە ئەتوانین لەو چوارچێوەیەدا جێگە ولقێكیش بۆ زانستی، یاخود لێكۆڵینەوەكان لەبواری كلتورو فەرهەنگ، مێژوو جوگرافیای توركمان بكەینەوە، یاخود كلد وئاشورەكان بكەینەوە، هەتا دوایی، بۆیە بەبیرو بۆچوونی من ناوەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، وەكو ئەكادیمیای كوردستان باشترە، لەوەی بكرێت بە ئەكادیمیای كورد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک غەفور فەرموو.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕاستی منیش هەمان رەئیم هەیە، کە دەبێت ناوەکە ئەکادیمیای زانستی کوردستان بێت، شمولی تر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ئەکادیمیای زانستی کوردستان بێت، بۆ نەتەوەکانی تری کوردستان دەکرێت هەیئات هەبێت، لەناو ئەو ئەکادیمیایەدا، بەڵام کە ئیستاکە ئەکادیمیای کوردی بێت، ئەکادیمیای کوردی چی؟ حەتا ئەوەش بێت، ئەبێ کەلیمەیەکی تری لەپاڵدا بێت، ئەکادیمیای زانستی کوردی بێت، بەڵام، ئەکادیمیای زانستی کوردستان لەسەر ئەساسی نیشتمانە، مەسەلەن تۆ ئێستاکە کۆڕی زانیاری عێراقت هەیە، لەولاتانی تریش بەناوی ولاتەکەیە، کوردستانیش نیشتمانە، بۆیە ئەو ئەکادیمیایە ئەبێ ئەکادیمیای زانستی کوردستان بێت، لەناو ئەوەدا کێشەکانی تر چارەسەر ئەبێت، دەستەی مەسەلەن تورکمانی، دەستەی ئاشوری، لەناو ئەوەدا دروست ئەبێت، ئەوانیش کەبەشێکن لەپێکهاتەکانی کوردستان، دەتوانن لەوێوە بایەخ بەزمان و کلتور ولەهەمان کاتدا بەفەرهەنگی خۆیان بدەن، بیژێننەوە ئەگەر ئەوەش نەبێت، هەیئاتی تر کە دروست ئەبێت، ئەوکات دیسان ئەبێت، هەمان ئیمتیازی ئەو هەیئەیان هەبێت، ئەو ئەکادیمیایەیان هەبێت، لەوەشدا ئێمە، ئەبێت کۆمەڵێك یاسای تر دەربکەین، جا بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم بکرێتە ئەکادیمیای زانستی کوردستان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک دکتۆر ناصح فەرموو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێچەوانەی ئەو دوو بەڕێزە ئەمەوێت قسە بکەم، چونکە لەڕاستیدا لە ساڵی 97وە تاکو ئێستا، کۆڕی زانیاری کوردستان نەیتوانی دەوری خۆی وەکو کوڕی زانیاری کوردستان ببینێت، زیاتر خەریکی زمانەوانی وکاروباری زمانەوانی و ئەو مەسئەلانە بوون، هەرچەندە لەوێشدا کەموکوڕیان هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە، ئەم هەموارکردنە لەجێگای خۆیەتی و زۆر تەبیعیە، نەتەوەکانی تری کوردستانیش هەمان کۆڕیان هەبێت، چ ناوێکی لێ ئەنێن، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام من پێم وایە ئەوەش زۆر زۆر سروشتیە، لەکوردستانێکی ئازادا، لەکوردستانێکی فیدرالیدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک محمد فەرەج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، ئەمە پەیوەندی بەزمانەوە هەیە، بەنەتەوەوە هەیە، ئەبێ ئەم کەلیمەیە بەنەتەوەوە بێت، کە ئەڵێین عێراق لەکاتێکدا کە کۆڕی زانیاری عێراق هەبوو، لەپاڵ ئەوەدا کۆڕی زانیاری کوردیش هەبوو، زمان هەمیشە پێویستی بەگەشە پێدان هەیە، بەتایبەتی لەبواری داتاشیندا، من وانازانم کەلیمەی ئەکادیمی بۆ ئەمە هەر بشێت، کەلیمەی مەجمەعەکە زۆر بەقوەتە، بەڵام وا ئەزانم تەرجومەکەی کە ئەڵێت کۆڕ، تۆزێك بچووکی کردووەتەوە، یەعنی کەلیمەی مەجمەعەکەی بچووك کردۆتەوە، ئەگەرنا ئەکادیمی بۆ ئەوە نابێت، ئەکادیمی بۆ عیلمە، بۆ زانستە، لەسەر مەعریفەو ئسوسی خۆی ئەبێت، زمان ئسووسەکەی لەناو خۆیدایە، ئێمە کەشفی ئەکەین، یەعنی کەسێك کە قسە لەسەر زمان ئەکات، ئیکتیشافی نصوصەکان ئەکات، لەناو خودی زمانەکەدا، بەڵام عیلم وانییە، ئەکرێ ئەمڕۆ شتێك ئوسوسێك ئەساسێك، بنەمایەك دروست بێت پێشتر نەبووبێت، بنەمایەك دروست بکەیت بۆ بنەمایەکی عیلمی ئەمڕۆ نەت بێت، بەڵام لەمەسەلەی زماندا هەموو ئەوشتانە لەناو خۆیدا کەشف ئەکرێت، نهێنیەکە شاراوەیە، دیار نییە، ئێستا دیار ئەبێت، ئێمەش وەکو کورد کێشەیەکی زمانەوانی زۆر وازحمان هەیە، لەبەر ئەوە هەرچەند گرنگی بەمە بدەین، بەکەلیمەی ئەکادیمی نابێت، ئەبێت هەر مەجمەع بێت، بۆ؟ چونکە کۆمەڵێك زانیاری کۆ ئەکەیتەوە، لەسەر ئەمە، زانیارییەکانیش هەمووی کۆنن، چونکە ئەم زمانە ریشەی هەیە، ئەبێ بگەڕێین لەریشەکەوە، تەنانەت کاتێ کەداتاشین ئەبێت، ئەبێ لەسەر ئەساسی ریشەکە بێت، ئەوە پێویستی بەئەکادیمیا نیە، بەڵکو پێویستی بەگەڕانەوەیە بۆ ئەصاڵەت وحەقیقەتی ئەو کەلیمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەکادیمیای کورد، تەئیدی کاك محمد فەرەج ئەکەم، چونکە ئەگەر ببێتە ئەکادیمیا، ئەبێ زۆر مەوادی دیکەش هەموار بکەین، لەناو قانونەکەدا زۆر مەوادی کە باسی مەجمەع هاتووە، یان کۆڕەکە هاتووە، موبەڕیڕاتی گۆڕینی ناوەکە لە کوردستانی بۆ کوردی، لای منیش قەناعەتم پێی نیە، چونکە ئەگەر هاتوو موهیمەی ئەم ئەکادیمیایە، تەنها ئەدەبیات و زمانی کوردی بێت، ئەوە لەکوردستان چەند زانکۆیەك هەیە، لەهەر زانکۆیەکیش کۆلیژێکی ئەدەبیات و زمانی کوردی هەیە، هەروەها چەندان مەرکەزی توێژینەوەی گەورەی دیراساتی کوردی هەیە، ئیتر رەنگە پێویست بەم کۆڕە نەکات کە تەنها بۆ زمانی کوردی بێت، دوو/ ئەگەر هاتوو بۆ کوردی وتایبەت بێت، کە ئەوە ئەبێ لەکوردستان مەجموعەیەکی تر کۆڕی ئەکادیمیای تر دروست بێت، بۆ کلدان و ئاشوری وتورکمان، بۆ برا عەرەبەکان کە سبەینێ کەرکووك و ئەو ناوچانە هاتنە سەر کوردستان، ئەوانیش پێویستیان پێی ئەبێت، ئەمەش تەکلیفێکی زۆر گەورە ئەبێت، لەسەر حکومەت، کە بینایە دروست بکات موئەسەسات دروست بکات، ئەوانەش هەموویان بەدەرەجەی وەزیرو نائب وەزیر ومودیر عام ئەبن، یەعنی وەکو وەزارەتێکن، سێیەم، هەموو موئەسەساتی کوردستان بەناوی کوردی نیە، تەنها ئەمە ئەبێتە ناوی کوردی، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەوەدام، ناوەکە هەر ئەصڵەکە بێت، کوری زانیاری کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ڕۆمیۆ فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش دوای تەئید كردنی قسەكانی دكتۆر دلێرو كاك غەفورو برای بەڕێزم كاك دیلمان، بەڕاستی ئەو هۆیانەی كەئەوان باسیان كرد، منیش پێم باشە كوردستان بێت، چونكە لەبیرمە پێش چەند مانگێك مشتوومڕێكی زۆر هەبوو لەم پەرلەمانە لەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرێكی گشتی لەیەكێك لەوەزارەتەكان، كەوتیان ئەبێتە بارگرانییەكی زۆر گەورە، بۆ سەر بودجەی هەرێمی كوردستان، ئایا ئەمە ئەگەر بكرێتە ئەكادیمیای كوردی، دوای ئەوە ئەكادیمیای توركمانی و هی كلدانی و هی ئاشوری، ئەمەش بارگرانییەك نابێت، دووەم/ بەڕای من لەرووی یاساییشەوە ئەبێ چەندەها تەعدیلاتی تر، بۆ هەندێك لەیاساكانی تر بكرێت، بۆ گۆڕینی كوردستانەكان بۆ كوردی، یاخود ئەم شتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرمووو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی لەوانەیە هەندێك لەگەڵ برای بەڕێزم كاك ڕۆمیۆ جیاوازیم هەبێت، لەو مەسەلەیەدا، ئەویش كۆڕی زانیاری كوردی، هەروەكو هەندێك لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان كرد، پەیوەستە بەزمانێك كەزمانی كوردیە، پەیوەستە بە كلتورێك، پەیوەستە بەكەلەپورێك كەجیایە، مەسەلەیەكی نەتەوەیی سرفە، ئەوەی كەباسی كوردستان دەكەین، كوردستان شتێكی جوگرافیە، یەعنی مەسەلەكە ئەو عیلاقەی بەزمانەوە نیە، یەعنی جوگرافیا زمانی نیە، نەتەوە زمانی هەیە، خۆ تۆ ناتوانیت زمانی نەتەوەیەك پەیوەند بكەیت، بە جوگرافیایەكی تایبەتەوە، ئەوە نەتەوەیەكە لەهەر شوێنێكی دونیاش بێت، ئەوە زمانەكەیەتی، ئێمەش وەكو توركمان، وای بۆ دەچین، ئەو كۆڕی زانیاری كوردە دابمەزرێت، تا كۆڕی زانیاری توركمانیش دابمەزرێت، هەتا هی سریانیش دابمەزرێت، ئەوە شتێكی زۆر تەبیعیە، باسی تەكالیف ئەكەن، من پێم سەیرە بەڕاستی، كاكە ئەگەر مەسەلە بینایەیەك بێت، ئێمە خۆمان خانوویەك بەكرێ ئەگرین، چەندان وەزارەت وسەنتەرو شتی وا هەیە، ئەوە بەتەكالیف باس ناكرێت، كە دێتە سەر كۆڕی زانیارییەك، كەلەوانەیە بەدوو خانوو گرتن، حەل ببێت باسی تەكالیفەكەی ئەكەن، ئەوە پێم سەیرە بەڕاستی بەو شێوەیە بیر بكرێتەوە، ئێمەش حەز ئەكەین لەڕاستیدا، لە مەسەلەی زمان و كەلەپورو مێژوو، هەر نەتەوەیەك با ئیستقلالیەتی خۆی هەبێت، زۆر شتێكی تەبیعیە ئێمە لێرە لەپەرلەمانی كوردستانداین، لەسەر خاكی كوردستان دەژین، بەڵام زمانێكی تایبەتیمان هەیە، با ئەو خسوسیەتە ڕابگیرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمدی حاجی محمود فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو تەقریبەن هەموو لایەك ئیشارەتیان پێدا، مەسەلەی ناوەکە ئەکادیمیا یان کۆڕ، من پێم وایە، ئەکادیمیا هێشتا ماویەتی، بەڵام کۆڕ یان ئەو مجمعە باشترە وەکو ناوەکە، مەسەلەی کوردستانی وکوردی، خۆی کۆڕی زانیاری هەر نەتەوەیەك عیلاقەی بەکلتورو فۆلکلۆر ومێژوو وزمان وڕێزمان وئەوانەی کەوا عیلاقەیان بەو نەتەوەوە هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەریەکێك لەو نەتەوانەی کەوا لەکوردستاندا دەژین، حەقێکی تایبەتی خۆیانە بۆ خۆیان کۆڕی زانیارییان هەبێت، چونکە عیلاقەی کلتوری تورکمان وکورد وکلدو ئاشوری، هەریەکەو کلتوری خۆی جیاوازە، زمانی خۆی جیاوازە، ڕێزمانی خۆی جیاوازە، تەئریخی خۆی جیاوازە، ئەمانە هەمووی جیاوازین، لەبەر ئەوە هەریەکەو بۆ خۆی حەقی ئەوەی هەیە، کوردیەکەش تەنها عیلاقەی بەیەك نەتەوەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی بێت دکتۆرە شوکریە، فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی من لەناو لیژنەی پەروەردەدابووم، ناوی خۆم لە ئەخیرا بەرزکردەوە جەنابت منت نەبینی، جا ئەگەر بەڕێزت ڕێگام بدەیت وەکو هەموو خەڵکەکانی تر کە جارجار ڕێگایان ئەدەیت، سوپاست ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دکتۆر دلێر نوقتەی نیزامی هەیە، پاشان تۆ قسەکەت بکە. فەرموو دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، موناقەشەی کۆڕی زانیاری ئەکەین، یان کۆڕی زمان، دوو شتی جیاوازە بەڕاستی، ئێمە، مەجمەعی لوغەوی موناقەشە ئەکەین، یان مەجمەعی عیلمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەساڵی 1996 وە، خەریکی دامەزراندنی ئەم کۆڕی زانیاری کوردە بووین، پاش ئەوەی کەمن سەردانێکی بەغدادم کرد، هاتمەوە موزەکەرەیەکم نووسی، بۆ مەکتەبی سیاسی و بۆ سەرۆکی پارتی، ئەوە بوو پێشنیازەکەمیان قبوڵ کرد، لیژنەیەکیان تەشکیل کرد، دوایی بە دادگاماندا، پاش ئەوە منیان بانگ کردە پەرلەمان، بەڕێز کاك شێروان حەیدەری وتی ئایا ناوی بنێین کۆڕی زانیاری کورد، یان کوردستان، کێشەیەکی گەورە دروست بوو، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بووین کوردی بێت، چونکە ئەو کۆڕی زانیاری کوردەی کەلەبەغدا دورست بوو، لەو کاتەشدا نە برا تورکمانەکانمان، نە برا کلدو ئاشووریەکانمان، هیچ کەسێکی وایان تێدا نەبوو، کەبچن لێکۆڵینەوە لەزمان و ئەکادیمیای زمانیان بکەن، ئینجا وەکو مەرحەلە وەکو بەڕێز

کاك کەرخی ئاماژەی پێکرد، بۆ مەرحەلەی ئێستا کۆڕی ئـەکادیمیا بێـت، ئەمـە خاڵێك، خـاڵێکی تـر کـەمن خۆم لەلیژنەی پەروەردەدا بـووم، سـەرۆکی لیژنـەی پـەروەردەو هـەموو لیژنەکـەش، چـەند ئەکادیمیایـەکی گەورە لەناو زانکۆکانی کوردستاندا، چ لەدهۆك، لە سلێمانی، لە هەولێر، ئێمە بانگهێشتی پەرلـەمانمان کـرد، لەئەنجامدا گەیشتینە ئەم صیغەیەی کەوا ئێستا ڤیان خان دەیخوێنێتەوە، ئێمە پێشنیازی ئەوەمان کردووە، هەروەکو نەتەوە چۆن لـەزمان وکلتـوری خۆمـان بکۆڵینـەوە، بـرا تورکمانـەکان و بـرا کلـدو ئاشـوریەکانیش بەهەمان شێوە ئەوانیش ئەتوانن تەقدیمی موزەکەرەیەك بکەن، ئەو بەشە بکەنەوە، بـەلام بـۆ ئێسـتا وەکـو مەرحەلەیەکی سەرەتایی کە تا ئێستا ئێمە، نەئینکلۆپیـدیامان هەیـە، نـەزمانێکی یـەکگرتوومان هەیـە، نـە وشـە، ئێمـە ئـەتوانین دابتاشـین یـان دروسـتی بکـەین، جـا بۆیـە مـن پێشـنیازی ئـەوە ئەکـەم، جـارێ کـۆڕی ئەکادیمیای کوردی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دوو رەئی هەیە، ئەوەی کە ئیختلافی لەسەرە، کـوردی یـان کوردسـتانی بێـت، ژمارەیـەکی زیـاتر وتیـان کوردستانی بێت، کاك کەرخی وتی کوردی بێت کە تورکمانیشـە خـۆی، دکتـۆرە شـوکریەو دکتـۆر ناصحیش وتیان کوردی بێت، لیژنەکانیش وا ئەڵێن، خۆی لە ڕاستیدا منیش وەکو ئەندامێکی پەرلەمان رەئـی ئـەدەم، یـەعنی وەخـتی خـۆی کـە مجمعـی علمـی کـوردی دامـەزرا مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم زۆرم پێنـاخۆش بـوو، کەبەشێك بوو مجمعی علمی کوردی لەویـدا، وتم بـامجمعی علمـی عـەرەبی بێـت، بـا هـی کـوردیش هـەبێت، دوایی هی کوردیش دامەزرا، کە ئیلغاشکرا، لـەژێر فشاری حکومـەتی بەعسدا ئیلغـا کـرا، نـەك لـە ناحیـەی کوردییەوە من وا ئەڵێم، مـن دیفـاع لەحـەقی تورکمـان و حـەقی کلـدو ئاشـوریش ئەکـەم، ئـەوانیش حـەقی خۆیانە ئەکادیمیای خۆیان هەبێت، ئێمە لەمەشـروعی دەسـتووری هـەرێمی کوردستانیشـدا وای دەوڵەمەنـد ئەکەین، کە نموونەیەك بێت بۆ پێکەوە ژیان، لەکوردستاندا زیاتر لـە مافـەکانیان کـە هەیانـە لەدەسـتووری عێراقـدا لـە پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتاندا مـافی نەتـەوەکانی کەلەگەڵمانـدا دەژیـن، بەتایبـەتی تورکمان و کلدو ئاشور، کەژمارەیـەکی بەرچـاون لەبـەر ئـەوە هـەموو مافـەکانیان هەبێـت، جـا لەبـەر ئـەوە بەکوردی بێ لە قازانجی ئەوانیشە، جگە لەوەش لەماددەیەکی تردا هەموو ئەرکو واجبەکانی زمانی کوردیە، ئەگەر ئەوە بگۆڕین، ئەبێ هەمووی بگۆڕین، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەوە ئەکەم کە کوردی بێت، کـە جگـە لەوەی ناوەرۆکەکەی ئەگونجێت، هەم دیفاعیشە لە تورکمان و کلدان وئاشور، ئـەو حەقـە تەبیعیـە بمێنێـت، مجمعی علمی خۆیان هەبێت، قەت لەشتێکی گرنگی وا هیچ نەبێت، ئێستا من لەگەڵ ئەو رەئیەم، بەڵێ کاك دکتۆردلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت زیمنیەن بڕیارت داوە کەماددەکانی تر ئەبێ، ئەو ئەرکانـەی کـۆڕ هـەر ئەرکـە زمانەوانیەکە بێت، جەنابت بڕیارت داوە، یەعنی ئەمە بەڕاستی ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بڕیارم نەداوە ئەڵێم پرۆژەکە وەکو ئەندامێك قسەم کرد، کە پرۆژەکـە ئەرکـەکانی دیـاری کـردووە، کـە زمانەوانیە، ئەگەر ئەوە بگۆڕین ئـەبێ هـەمووی بگـۆڕین، ئـەوە شـتێکی تەبیعیـە، کـەی مـن ئـەتوانم بڕیـار بدەم، بڕیار دەنگدانەکان دیاری ئەکات، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

خۆى ئەگەر پرۆژەكە بخوێنيتەوە بەڕاستى، جانبى لوغەوييەكە موسەيتەر ترە لەسەر جەوانبى علمى وجەوانبەكانى تريش، بۆيە ئێمە خۆمان هەوڵ ئەدەين زمانێكى ستاندارد دروست بكەين لەكوردستاندا، بۆيە ئەهدافى پرۆژەكە لەگەڵ ناوەكەدا زۆر زۆر گونجاوە، ئێمە چەندين كۆبوونەوەمان لەگەڵ برا توركمانەكانيش كردووە، لەگەڵ ئاشوورييەكانيش كرد، ئەو وەختەش ئەو برادەرانە هەموويان قەناعەتيان بەوە هێنا، كە پێويستە كۆڕێكى زانيارى تايبەتيان هەبێت بەنيسبەت خۆيان، لەهەمان كاتدا لەكاتى خۆشى ئەوەى بەغداد، كۆڕى زانيارى سريانيەكان هەبوو، ئەگەر غەڵەت نەبم شان بەشانى كۆڕى زانيارى كورد، بەڵام لێرەيەدا پرۆژەيەك تەقديم كرا، من خۆم يەكێك بووم لەوانەى كە ئيمزام كرد، بۆ دروست كردنى، ئەكاديمياى برا توركمانەكان لەهەرێمى كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

من موفقتەرەحى ليژنەى ياسايى، كەپشتگيرى كراوە لەلايەن ليژنەى پەروەردەشەوە، ئەيخەمە دەنگەوە، فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخمورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو پێشنيارەى كوردستانيش حەقە بخرێتە دەنگ، چونكە چەند ئەندامێك داوايان كردووە، ئەبێ ئەوەڵجار ئەو پێشنيارە بخرێتە دەنگ، دواى ئەوى تر ئەگەر دەنگى نەهێنا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەويش راستە، بەڵام دەنگت بۆ ئەودا دواى ئەويش دێت، باشە ئێستا چەند ئەندامێك داوايان كردووە كە كوردستانى بێت، ئەو موفقتەرەحە ئەخەينە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدايە كە كۆڕى زانيارييەكە يان ئەكاديمايەكە كوردستانى بێت، كێى لەگەڵدايە بادەستى بڵند بكات تكايە؟ پێنج كەسى لەگەڵدايە، فەرموون ئەى كێ لەگەڵ ئەصڵى موفقتەرەحەكەدايە؟ ماددەى يەكەم بەزۆرينە قبوڵكرا فەرموون بۆ ماددەى دووەم.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى دووەم: ماددەى يەكەم لەياساى ژمارە(12)ى ساڵى 1997 هەمواردەكرێ وبەم شێوەيە دەخوێنرێتەوە.

ماددەى يەكەم: لەهەرێمى كوردستانى عێراقدا كۆڕێك بەناوى (ئەكاديمياى كوردى) دادەمەزرێ وبەسەرۆكايەتى ئەنجومەنى وەزيرانەوە دەلكێنرێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعدل المادة الاولى من قانون رقم(12) لسنة 1997 وتقرا كالآتي:

المادة الاولى: يؤسس في اقليم كوردستان- العراق مجمع بأسم( الاكاديمية الكوردية) ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەلیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە ئەکەین وهیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو خۆی ئێمەش پەسەندی ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەری هەیە، ئەوە ناوی ئەنووسم، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەزگایەکی ئەکادیمیەو بەرفراوانە ناکرێت، ناکرێت ببێتە دەزگایەکی حکومی، بۆچی لێرە پێشنیار کراوە بلکێندرێت بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بۆ ئەکادیمیایەکی سەربەخۆ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم، سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بێت، لەبەر ئەوەی دەگونجێت لەگەڵ کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، دوایش زیاتر چاودێری ئەکرێت وبودجەیەکی رێکوپێکی بۆ دائەندرێت، ئەوە ئەگەر بێتوو سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت، دەبێ تەشکیلەیەکی تازەی بۆ دابندرێت، بینایەی دەوێت، جێی دەوێت، وام پێ باشە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بێت، چونکە ئەگونجێت لەگەڵ کارو چالاکی وەزارەتەکەش، زیاتریش پشتگیری لێ ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەبوو، کە سەربەئەنجومەنی وەزیـران نـەبێت، سـەر بـەوەزارەتی ڕۆشـنبیری بێت، لەبەر ئەو هۆیانەی کەوا کاك ڕەشاد باسی کرد، هـەروەها لێـرەدا کەباسـی ئـەوە ئـەکرێت، (یؤسـس في اقلـیم کوردسـتان- العـراق مجمـع بأسـم( الاكاديميـة الكورديـة) لـەوێش ئیشـارەتێك بـدات بـۆ پێکهاتـەکانی تـری کوردستان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئەکادیمیای تایبەتی خۆیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تریش من باسی ئەوە ئەکەمەوە، کە ئێمە، باسی شتێکی مەعریفی ئەکەین، نەك شـتێکی لوغـەوی، تۆزێك ئـەم مەسـەلەیە وردە، ئـەم بابەتـە وەکـو ناوەکـەی ئـەو شـێوەی لێکـرا، لێرەشـدا ئـەبێ ماددەکـە وای لێبکرێت، لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا کۆڕێك بەناوی ئەکادیمیای زمانی کوردی دروست ئەکرێت، چونکە لە ئەرکەکانی تریدا، چونکە ئەمە ئەرکەکانی تری هەمووی مجمعی لغوییە، مجمعی عیلمی نیە، ئـەوەی کـە ئێمە دروستی ئەکەین وباسی لێوە ئەکەین، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەکادیمیای زمانی کوردی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کاك دکتۆر دلێر بەس ئێمە دەنگمان بۆ ماددەی یەکەمـدا، پێویسـت ناکـات ئـەو پێشـنیارە بکاتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ڤیان دزەیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئیەکەی گوڵناز خانم، ئەو دەزگایە، ئەو کۆڕە، ئەو ئەکادیمیایە، ئەبێ دەزگایەکی موسـتەقل بێـت وسـەربەخۆو کەسـایەتیەکی سـەربەخۆ بێـت، سـەر بـەهیچ لایـەنێك نـەبێت، چـونکە شـتێکە باسـی نەتەوەیەك ئەکات، لەهەموو کەلتورو زمانێکی من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر سـەربەخۆ بێـت، کەسـایەتییەکی سەربەخۆ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە خۆی هەندێ جار حەق نیە، قسە بکەم، دەبێ یەکسەر بیخەمە دەنگەوە، هەندێ جاریش حەق دەدەمە خۆم، کە هەندێك روونکردنەوە بدەم، یەکەم، کە دەڵێن سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت بۆ بایەخدانە بەو شتە، چونکە ئیشەکانیشیان ئەگەر تەماشا بکەین تەنها رۆشنبیری نیە، زۆرجار پەروەردەیە، عیلاقەی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، زۆرجار عیلاقەی بەئیمکانیاتێکەوە هەیە، کە عیلاقەی بەئەنجومەنی وەزیران ناتوانێت بۆی دابین بکات، بێجگە لەوەش وابزانم سەرۆکی ئەو ئەکادیمیایە دەرەجەی وەزیرە، کەواتە دەبێ سەر بەئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، بەنیسبەت ئەو نوقتەیە، بۆیە وای لێکراوە، دووەمیش، کەدەڵێن دەبێ سەربەخۆ بێت، خۆ ئەوە هەیئەتێك نیە بیڵێی نە هەیئەی نەزاهەیە، نەچاودێری داراییە، نە دادوەرییە، ئەمە کارکردنە خزمەتی زمانی کوردییە، پێویستی بەهاوکارییەکی بەردەوام هەیە، ئەگەر سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت بەومانایەیە، کە ئەنجومەنی وەزیران هەموو کارئاسانیەکی بۆ بکات، سەربەخۆ ناتوانێت ئیش بکات، وەزارەتی پەروەردە پشتگیری لێ بکات، وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی دارایی، ئەنجومەنی وەزیران لەکاری رۆژانە کەچیان بوێت، جگە لەوەش لە ناحیەی مەعنەوییەوە پێویستی بەئەهەمیەت پێدانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەحبی ناکەن، ئیقتراحەکەتان ئەخەمە دەنگەوە، بۆ ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری بێت، یان نا کە دوو، سێ کەس قسەیان کرد، کاك رەشاد وگوڵناز خان، سەحبی ناکەنەوە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەیئەتەکە پێناسە نەکراوە کە کێ سەرۆکایەتی ئەو هەیئەتە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەصڵەکەدا هەیە، ئەڵێت بەدەرەجەی وەزیری بێت، بۆیە وتم، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم سەر بەدیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نابێ شتی وانابێت، هیچ هەیئەتێك نابێت، قانونی سەرۆکایەتی هەرێم بخوێنەوە، فەرموو کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی زۆر زۆر ئاساییە، چونکە ئێمە هەیئاتی وامان هەیە، وەك دەزگای مین کەسەر بەئەنجومەنی وەزیرانە، کۆمەڵێك هەیئاتی تریشمان هەیە، ئێمە ئەگەر ئەوە بێنینە سەر وەزارەتی رۆشنبیری، زۆر

بچووکتری ئەکەینەوە بەڕاستی، وەکو مودیریەتێك یان شتێکی وای لێ دێت، ئەوە هەیئەیەکی گەورەیە، دەبێ سەر بەئەنجومەنی وەزیران بێت، وەك چۆن هاتووە باوابمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان، موقتەرەحەکەت چونکە یەك کەس تەئیدی کرد، ئەگەر سەحبی نەکەیت ئەیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەبەر گرنگی ئەوە ئەڵێم، ئەنجومەنی وەزیران هەیئەیەکی بەڕێوەبردنە، کارەکانی خۆی دابەشکردۆتە سەر وەزارەتەکان، ئەمەش کارێکی وەزاری نیە، کە بەڕێوەبەرایەتی هەبێت، لەهەموو شارێك رەنگە تەنها بارەگایەکی سەربەخۆی هەبێت، بۆیە پشتگیری لەڕاکەی خۆم ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیەکەی گوڵناز خان کە یەك، دوو ئەندام پشتگیرییان لێکرد، کە دەڵێت ئەو هەیئەتە سەربەخۆ بێت، بەڵێ کاك ناصح نوقتەی نیزامیت چیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەربەخۆ بێت، چۆن ئەبێت بەدەرەجەی وەزیر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت، هەیئەی نەزاهەش سەربەخۆیە، دەرەجەی وەزیریشە، چاودێریش سەربەخۆیە، دەرەجەشی وەزیرە، کێ لەگەڵ موقتەرەحەکەی گوڵناز خانە، تکایە بادەستی بڵند بکات، سێ کەس لەگەڵێدایە، هیچ موقتەرەحەکەت نەما، موقتەرەحی پرۆژەکە، کەلەلایەن هەرسێ لیژنەکەوە پشتگیری لێکراوە، ماددەی دووەم، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بۆیە نایخوێنمەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ماددەی چوارەم لەیاسای ژمارە(12)ی ساڵی 1997 هەڵدەوەشێتەوەو بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە: ئامانجی کۆڕ وەدیهاتنی ئەمانەیە:

1-پاراستنی رەسەنایەتی زمانی کوردی و پەرەپێدانی.

2-کارکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی وشەوو زاراوەی کوردی بەسوود وەرگرتن لە شێوە جیاکانی بۆ گەیشتن بەزمانێکی فەرمی ستانداردی یەکگرتوو.

3-بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان وباسە زانستیی وزمانەوانیەکان تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیریی بڕوات بەرێوە.

4-گرنگیدان بەکەلەپووری نەتەوایەتی کوردی.

5-گرنگیدان بە خوێندنی مێژووی کورد وکوردستان ورۆشنبیری و شارستانیەتەکەی.

6-هاندان و پشتگیریی کردنی دانان و وەرگێڕان لەزمانی کوردی و بۆی.

7-بەدیکۆمێنت کردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەکادیمییە زانستیەکان وزانکۆکان ومەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: يلغى المادة الرابعة من قانون رقم(12) لسنة 1997 وتقراء كالآتي: يهدف المجمع تحقيق مايلي:-

1-المحافظة على أصالة اللغة الكوردية وتطويرها.

2-العمل على أغناء المفردات والمصطلحات الكوردية للاستفادة من لهجاتها المختلفة وصولاً الى لغة رسمية موحدة.

3-النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية واللغوية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.

4-الاهتمام بالتراث القومي الكوردي.

5-العناية بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وثقافته وحضارته.

6-تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من والى اللغة الكوردية.

7-توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، لەلیژنەی یاسایی بەس کەلیمەی(الى) ئیزافە کرایە، پاش کەلیمەی(مجمع) يهدف المجمع الى تحقيق مايلي: بۆ زیاتریش روونکردنەوەی مەوزوعەکە من بەباشی ئەزانم، ماددەی چواری ئەصڵی قانونەکە بخوێنمەوە، چونکە چوار فەقەرە لەقانونەکەی کۆن هەروەکو خۆی ماوەتەوە، سێ فەقەرەش بەتەعدیل وفەقەرەیەکیش ئیزافە کراوە.

المادة الرابعة: يهدف المجمع تحقيق مايلي:-

أ-العمل على توحيد المفردات اللغوية الكوردية من بين لهجاتها المختلفة وصولاً الى لغة رسمية موحدة.

ب-المحافظة على سلامة اللغة الكوردية وتنقيتها وتطويرها.

ج-النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية واللغوية لمواكبة التقدم العلمي والثقافي.

د-إحياء التراث الكوردي والإسلامي في العلوم والأدب والفنون وإبراز دور العلماء الكورد فيه.

هـ- العناية بدراسة تأريخ الكورد وكوردستان وحضارته.

و- تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من والى اللغة الكوردية.

ز- توثيق وتعزيز العلاقات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز البحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.

ئەگەر تێبینی بکەین، پرۆژەی حکومەت لەگەڵ ئەصڵی قانونەکە، دەبینین فەقەرە سێ لەپرۆژەکە، موقابیلی جیمە، فەقەرە چوار نوێیە، فەقەرە پێنج هائە، فەقەرە شەش واوە، فەقەرەی حەوت زایە، ماعەدا لەفەقەرەی یەکەکە بەو شێوەیە، المحافظة على أصالة اللغة الكوردية وتطويرها. کەلیمەی تێدایە لایان بردووە، العمل على أغناء المفردات ئەوەش گۆڕانکارییەکی کەمی لێکراوە، بەنیسبەت فەقەرە هائیش ثقافة

ئیزافه کراوه، لەسەر العنایة بدراسة تأریخ الكورد وكوردستان وثقافته وحضارته لەئەصڵی قانونەکە سەقافەتی تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەرکیز بکەنە سەر هەموارکردنەکەی حکومەت، ئەگەر موقارەنە بکەین ئەوە ئێمە، ئەوە ئیشمان نیە، کە موقارەنە بکەین، دوایش لێمان تێك ئەچێت، ئەو موهیمەیەی کەداوای کردووە، حەوت موهیمەیە، تەئیدیان کردووە، ڤیان خان رەئی لیژنەی پەروەردە چیە تکایە.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە دەستکاری کردووە، هی ئەم ماددەیە، خاڵی یەکەم لەگەڵیداین، پاراستنی رەسەنایەتی زمانی کوردی و پەرەپێدانی. لەخاڵی (ب) لابردنی وشەی یەکگرتوو، تەنها زمانی فەرمی بمێنێتەوە، لەکۆتاییەکەی، واتە ببێت بە کارکردن بۆ دەوڵەمەندکردنی وشەوو زاراوەی کوردی بەسوود وەرگرتن لە شێوە جیاکانی بۆ گەیشتن بەزمانێکی فەرمی ستانداری یەکگرتوو لابرێت، خاڵی سێیەم، لابردنی پیتی واو لەدوای لێکۆڵینەوەی زانستی، ببێتە لێکۆڵینەوەی زانستی زمانەوانی، چونکە تا ئێستا ئێمە بایەخمان نەداوە بەزانستی زمانەوانی و ئەم ئەکادیمیایە تەنها بۆ زمانە لەم قۆناغەدا، واتە بەم شێوەی لێ بێت، بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان وباسە زانستییە زمانەوانیەکان تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیریی بڕوات بەرێوە، خاڵی چوارەم، گرنگیدان بەکەلەپوری کوردیمان گۆڕیووە، بە ئەدەب و کلتوری نەتەوەی کورد. پێنجەم، خوێندن گۆڕاوە بەلێکۆڵینەوە، جوگرافیاشمان بۆ زیاد کردووە، گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەی جوگرافیاو مێژووی کورد وکوردستان ورۆشنبیری و شارستانیەتەکەی، شەشەم، هاندان و پشتگیریی کردنی دانان و وەرگێڕان لەزمانی کوردی و بۆی. ئێمە لەبواری زانستی زمانەوانی ولقەکانی بۆمان زیاد کردووە، واتە بایەخدان و هاندانی نووسین بەزمانی کوردی و تەرجومە کردن لێی وبۆی لەبواری زانستی زمانەوانی ولقەکانی، حەفتیش لەگەڵیداین، ئەم خاڵەشمان بۆ تەئکیدی دووبارە زیاد کردووە، گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەی زمانەوانی و لەزمانی کوردیداو لەهەموو بوارەکانی زانستی زمانەوانی، لەبەر ئەوەی کەبەڕاستی، ئێمە، لەبواری زانستی زمانەوانیدا، لە مەکتەبەی کوردی زۆر زۆر لاوازە، بەتایبەتیش ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە چوار، پێنج زانکۆمان هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە بەشی کوردی لەهەموو شوێنێك هەیە، بەڵام، قوتابیەکانی بەشی کوردی لەبواری زمانـدا بەدەست بێ سەرچاوەیی ئەناڵێنن، لەبەر ئەوە ئەوەی دەرچووی زمانی کوردی بێت لەدیراساتدا، دەبێ زمانی ئینگلیزی باش بزانێت، دەبێ زمانی عەرەبی باش بزانێت، دەبێ زمانی فارسی باش بزانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت شتێك لەزمانی کوردیدا بنووسێت، بۆیە زۆر زۆر گرنگە، کە ئەم خاڵەی بۆ زیاد بکەین، بەتایبەتی گرنگی بەبواری تەرجومە بدات، لەبواری زانستی زمانەوانیدا، چونکە رێگایەکیشە بۆ گەیشتن بەزمانی ستاندارد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان هیچ مولاحەزەیەکتان هەیە.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن وەكـی ئەندامـەك رەئـی خـۆ دەدەم، چـونكە وەكـی لیـژنا كۆبوونـا خۆمـان نەكردیـە، تـا بگەینـە سـەر رەئیەكی، ماددەی سێیەم ئەگـەر مـاددەی چـوارەم هەڵبوەشـێتەوە، بـەم جـۆرە ئەخوێنرێنـە، لەوانەیـە بـاش نەبێت، چونكە ئەبێت هەمواركردن بێت، لـەباتی هەڵوەشـاندنەوە، بـۆ ئـەوەی بـەم شـێوەیە بخوێنرێتـەوە، ئەگەر هەڵیش بوەشێتەوە، ئەو كاتە ئەبێ بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە، یەعنی ئەو دەخوێنێتەوە كەبێتە گۆڕانكرن، باشە كە تقراء كالآتي بێتن، دووەم، فەقەرەی دووەم، ئـەوەی كـە بەعـەرەبی هـاتووە، العمـل علـى أغناء المفردات والمصطلحات الكوردية بالاستفادة من لهجاتها نەك للاسـتفادە بێـت، بـەرەئی مـن دروسـت تـرە، سێیەمیش، النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية الادبية بێت باشترە، چونكە بحوث علمی، مەراكزی بحوثي علمی وجامیعات ئیشی ئەوانەیە، چونكە زۆر مەسائیلی عیلمی لەخۆ دەگرێتەوە، ئەوكاتـە لەوانەیـە لەتوانای ئەكادیمیەتێكی كوردی نەبێت، بەئیشی بحوثي علمی لەرووی تەندروستیەوە، لـەرووی سـەحیەوە، لەرووی توبیەوە، كەپێی هەڵئەسێت، ئەوە ئیشی دەزگاكـانی تـرە، بـەس مەبەسـتمان لـەو ئامانجانـە، بحـوثي علمی ئەدەبیە، ئـەوەی زمانەوانیـە، ئەگـەر ئـەوە بكەینـە ئـەدەبی لەوانەیـە چـاكتر بێـت، ئـەوی دی لەگـەڵ برادەرانم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم ئێوە كۆبوونـەوەی هاوبەشـتان نـەكردووە، ئەگـەر بتـان كردایـە، ئـەوە زۆر ئاسـان ئـەبوو، ئێسـتا ئـەو مولاحەزانەی كە ئەیدەن، لە لیژنەی پەروەردە كە ئەوان دایـان، بەنیسـبەت خـاڵی یەكـەم ئیختلافتـان نیـە، بەنیسبەت خاڵی دووەمیش تەنها ئەتانەوێت وشەكە زمانی رەسمـی بێـت، ئێسـتا فەسـتان ئـەدەمێ، فـەرموو شەمسە خان نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزانەی لیژنەی پـەروەردە، كەئەیـدات لەسـەر یاسـای هەمواركردنەكـە نیـە، بـەڵكو لەسـەر یاسـای ئەكادیمیای كوردە، ئینجا ئێستا ئێمە لێمان تێك چووە، لەسەر ئەوە مولاحەزاتی خۆمان بـدەین یـان لەسـەر یاسای هەمواركردنەكە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر یاسای هەمواركردنەكەیە، ئەو موقتەرەحەی حكومـەت، دەڵێـت ئـەو ماددەیـە بگـۆڕن، بـەو خاڵانـەی خوارەوە، كاك عەونی سەری لێ تێك داین، بەڕاستیەكەی سەری لە ئێوەش تێكدا، ئەو ماددەی سێیە، ئەوەی لەپێشمانە $7$ خاڵە، ئەو حەوت خاڵە بخرێتە ماددەی سێیەم، لەجیاتی خاڵەكانی پێشوو، لـەوێ ( أ ،ب ) بـوو لێرە $(1-2)$ وە، لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ ئـەكات، تـەنها كەلیمـەی (الى)ی زیـاد كـردووە، لـە بیدایـەتی ماددەكە، لیژنەی پەروەردە مولاحەزەی دووەمی ئەڵێت یەكگرتوو نەبێت، بـەس فـەرمی بێـت زمانەكـە، لـە

**سێیەمدا واوێکی ئـەوێت حـەزڤ بکـەن، النهوض بالدراسـات الکوردیـة والبحـوث العلمیـة اللغویـة لـەجیاتی واللغویة، ئەو واوە لێرەدا فەرقی زۆرە، دکتۆرە شوکریە نوقتەی نیزامی بێت.**

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمـە، وەکـو لیژنـەی پـەروەردە، کۆبوونـەوەمان نـەکردووە لەسـەر هەموارکردنەکـە، بـەڵکو کۆبوونـەوەمان لەسەر خودی یاساکە کردووە، جـا ئێمـە، کـەلێرەدا قسـە ئەکـەین، لەسـەر ئەمەیـە، کەقسـە ئەکـەین لەسـەر یاساکەی خۆمانە، نەك ئەوەی کەبۆمان هاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە نوقتەی نیزامیە، فەرموو ڤیان خان.**

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**راسـتە ئێمـە دوو کۆبوونـەوەمان کـردووە، کۆبوونەوەیـەکی هاوبـەشمان هـەبوو لەگـەڵ لیژنـەی رۆشـنبیری ولەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی ولەگـەڵ خوێنـدنی بـاڵا، لەگـەڵ ئـەو میوانـە بەڕێزانـەی کـەدەعوەتمان کـردوون، لەهـەموو زانکۆکـانی کوردسـتان، ئـەوە یـەکێکمان هەیـە، راپـۆرتێکی تریشـمان هەیـە، لەسـەر ئـەم یاسـایەی ئەکادیمیای کوردی، لەکاتێ کـە پرۆژەکـە دیسان گەڕاندمانـەوە بـۆ حکومـەت، لەسـەر هەموارکردنەکـە، مـن خـۆم لەسـەرۆکایەتیم پرسـی وتم ئایـا کۆبوونـەوەی تـر ئەکـەین، وتیـان نـەء، ئـەو، دوو/ پرۆژەمـان لەبـەر دەستە، ئایا ئەو هەموارکردنە بزەبت لەم کۆبوونەوانە ئەکەینە ئەساس وهەمان ئەم بۆچوونەمان کـە لێـرە هەیە، لەوێ عەرزی ئەکەینەوە، لێـرەش کەباسـی مـاددەی سێیەم ئەکـەین، هـیچ فـەرقی نـەکردووە بزەبـت لێرەش مەوجودە، ئەوە دەبـێ ئەنـدامانی لیژنـەی پـەروەردەش ئـەم راپۆرتـەیان هـەبێت، هـەمان راپۆرتـەو هەمان بۆچوونە، کەلە لیژنـەی پـەروەردە تەئکیـدمان لـێ کـردووە کـەدەبێ ئـەو شـتانە هـەر هـەبن، بۆیـە لەهەموارکردنەکەشـدا هـەر ئـەبێت هـەبێت، راسـتە ئەبێتـە مـاددەی پێنجـەم وشەشـەم، بـەڵام ناوەرۆکەکـە هەمان شتە، بەس تەنها ژمارەکەی گۆڕاوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك عەونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وابـزانم بـرادەران قسـەکانیان مـەنتقی نیـە و واقعـیش نیـە، چـونکە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستان، بەگوێرەی کیتابی خۆی ژمارە ك/ 85 لە 12/13 پرۆژەکـە پـاش خوێندنـەوەی یەکـەم کـەبۆی کـرا، رەوانـەی لیژنـەکانی کـردووە، باشـە مەعقولـە 18 رۆژە لیژنـەکان راپۆرتیـان ئامـادە نـەکردووە، بەتایبەتیش پرۆژەکە بەهەموارکردن هاتووە، سێ ماددەی ئەساسی لەقانونەکە گۆڕاوە، یەعنی هیچ موجیب نیە، ئەو موناقەشانە کەخۆمان لەئەصڵی مەوزوعەکە دووربخەینەوە، سێ ماددە هەموار ئەکرێت، ئەصڵەن**

قانونەکەیان خوێندووە، قانونەکەی یەکەم بەقانونێکی نوێ هاتبوو، دیراسەتێکی جوانیان لەسەری کردبوو، وابزانم ئێستا کە لیژە راپۆرتی خۆی ئامادەکردووە، وابزانم ئێستا بـرادەران بەئاسـانی ئـەتوانن مولاحـەزەی خۆیان لەسەر ئەو سێ ماددەیە بدەن، ئـەو موناقەشـەیە وەزعەکـە تەعقیـد دەکات، پەرلـەمانیش مەشغوڵ ئەکات بەڕاستی، دیارە برادەرانیش عەجەلەیانە و ئەیانەوێت زوو مەوزوعەکە حەسم بکەن، چونکە سەفەر ئەکەن، پێم خۆشە بڕیاری کۆتایی زوو پێبدەن، هەتا ئەوەی سەفەر ئەکات بەخێرو خۆشی سـەفەری خـۆی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەمەوزوع دەرمەچۆ کاك عەنی لە حـدودی مـەوزوع قسـە بکـەن، ئێسـتا بـۆ ئـەوەی نوقتـەی ئیختلافەکـەی بەینی لیژنـەکان نەهێڵین، واز بێنن لە پرۆژەی کۆن و ئەو شـتانە، بـەڵکو ئـەو حـەوت نوقتەیـەتان لەپێشـە، نوقتەی یەکەم لە پرۆژەی ئەصڵیشدا هاتووە ئیختلافیان لەسەری نیـە، نوقتـەی دووەم خـاتوو ڤیـان ئـەڵێت موەحەدەکە لابچێت، نوقتەی سێیەم واوەکە لابچێت واتە بحوسی علمی بۆ زمانەوانی، چونکە ئەگەر واوەکە بڵێین دوو شت ئەکات، نوقتەی چوارەم ئیختلافیان هەیە هەرچەند کاك احسان وەکو ئەنـدام قسـەی کـرد، بۆیە بەنەزەری ئیعتیبار وەری ناگرین، پێنجەم عناية بدراسة تأريخ الكورد والكوردسـتان وثقافـه تـۆ چـیت وتووە، پێنجەم ئـەڵێم، شەشـەم دەڵـێ لـەبواری زانسـتی تشـجيع وتعضـيد تـاليف و ترجمـة فەقـەت لـەبواری زانستی زمانەوانیدا بێت، کە لیژنـەی پـەروەردە داوای کـردووە، حەوتـەم توثـیق وتعزیـز العلاقـات بالمجامع العلمية والجامعات ومراكز ئەوە هیچ ئیختلافی لەسەر نیە، جا کێ مولاحـەزەی هەیـە لەسـەر، باشـە فـەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یـەك خاڵـمان زیـاد کـردووە، گرنگیـدان بەلێکۆڵینـەوەی زمانـەوانی لـەزمانی کـوردی و لەهـەموو بوارەکـانی زانستی زمانەوانیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەفەقەرەکانی پێشوودا ئەو شەرحە هاتووە، ئێستا ناوتان ئەنووسم، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێت دراسة اثار كوردستان وتـأريخ هذه الاثـار لەبـەر ئـەوەی زۆر تەئسیر لەسەر مێژوو ئەکرێت، ئاساریش بەشێکە لەمێژوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمەدی حاجی مەحمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من زیاتر لەسەر مەسەلەی یەكگرتووەكە قسە ئەكەم، ئێمە هەموومان ئەزانین مەسەلەی هەموو نەتەوەیەك كە دروست ئەبێت سەرەتا لە خێزانێك ولەعەشیرەتێك ولە عێلێك و لە گەلێك هەتا ئەگاتە نەتەوە، چۆن دروست ئەبێت ئەوە شتێكی ئاساییە كە لەهجەی جیاواز ئەوانە خۆی بۆ خۆی شەرتی ئەوەن كە نەتەوە دروست ئەكەن، یان نەتەوەیەك پێك دێنن مەسەلەی یەكگرتووەكە ئێمە عەیب نیە ئێستا بڵێین لەكوردستاندا سێ بەرنامەی تەربییەی جیاواز هەیە، یەعنی ئێستا زمانی یەكگرتوو نیە، ئێستا لەكوردستاندا لە دهۆك ولە هەولێر ولە سلێمانی، من لەو رۆژانە وەزیری تەربیە خۆی وتی، من وتم دوو بەرنامە هەیە خۆی وتی نا سێ بەرنامەمان هەیە بۆ خوێندن، لەبەر ئەوە، ئێمە عەیب نیە بڵێین زمانی یەكگرتوومان نیە، مەسەلەی یەكگرتووەكە ئەوە ناهێنیت كە ئێمە ناوی یەكگرتوو هەبێت، ئەوە یەكگرتووەكە خۆی من پێم وایە ناسنامەیەك بەنەتەوەكان ئەدات، یان بەلەهجە جیاوازەكان ئەدات، خۆمان ئەزانین ئێستا لەزۆر لە لەهجەكان هەركەسەو حەقی خۆیەتی لە سنووری خۆی، ئەوە بادینیە، سۆرانیە، زازاییە، هەورامیە، باجەڵانە، هەریەكە وشوێنی خۆی و لەهجەی خۆی، بەڵام زمانە یەكگرتووەكە بۆ ئەوەیە كە هەمووی یەكبگرێتەوەو یەك زمانی نووسینمان هەبێت، وابزانم هەر كەسەو شتی خۆی هی تایبەتی مەحەلی خۆی ئەوە شتێكی ئاساییە، بۆیە یەكگرتووەكە بەڕەئی من بمێنێت بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر كاری لەسەر بكەین، چونكە ئێمە لەوانەیە بڵێین دوو نەتەوە نین یەكمان گرتبێ كە ئەوە جیایە، بەڵام بۆ لەهجەكان یەكگرتووەكە بمێنێت بەڕای من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی بۆ خاڵی یەكەم و دووەم داڕشتنەوەی ترم هەیە، جێی شانازی كوردە كە زاراوەی جیاجیا لەزمانی كوردیدا هەیە، هەموو زمانەكانی دونیاش زاراوەكانیان ئەپارێزن وگەشەی پێ ئەدەن، بەپێچەوانەوە زمانی وا هەیە لە ئەوروپا زمانی، رەسمیان هەیە، زمانی ژارگۆنیان هەیە، حەتا ئیهتیمام بەزمانە ژارگۆنەكەی خۆیان ئەدەن، زمانی عەرەبیش یەكێكە لەزمانە دەوڵەمەندەكان، بەڵام نەك هەر وڵاتێك لە وڵاتە عەرەبیەكان، بەڵكو لەناو یەك وڵاتدا چەندین لەهجە هەیەو ئەیپارێزن و شتی نووسینی پێ ئەكەن، لەبەر ئەوە من بۆ خاڵی یەكەم بەپێویستی ئەزانم بەم شێوەیە بێت، خاڵی یەكەم لەماددەی چوارەم پاراستنی رەسەنایەتی زاراوەكانی زمانی كوردی، ئێمە تا ئێستا زاراوەمان هەیە، زمانی رەسمی كوردیمان نیە، لەبەر ئەوە ئەبێت جارێ ئەمە بپارێزین، هەتا بتوانین لەسەر ئەساسی ئەمە زمانێكی فەرمی دورست بكەین، خاڵی دووەم من پێم وایە یەكگرتوو پێویست ناكات لێرەدا بێ، من داڕشتنەوەم هەیە بۆ ئەمەش و بۆ گەیشتن بەزمانێكی فەرمی كوردی پێویستە سوود لەگشت شێوە زاراوە جیاجیاكانی زمانی كوردی وەربگیرێ، ئەمەیان دروست ترە نەك بچین شتی تر بكەین، ئەمە لێرە ئەساسەكەیە بە گەیشتن بەزمانێكی فەرمی كوردی، ئێمە زمانی فەرمی كوردیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سەبارەت بەخاڵەکان من لەگەڵ ئەوەدام کە مەسەلەی زمانی ستانداردی یەکگرتوو بمێنێتەوە وەکو خۆی، ئەگەر زمانی ستاندارد نەبێت چ لەهجەیەك ئێوە ئەیکەنە لەهجەی رەسمی ئەوە یەکیان، دووەم، سەبارەت بەمەسەلەی پێم وایە کەلتور فراوانترە، لەمەسەلەی ئەدەب، تەنها گرنگیدان بەئەدەبی کوردی نا، بەکەلتوری کوردی و بەتوراسی کوردی فراوانترە، بۆیە دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، سەبارەت بەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەردە بۆ تەرجومە کردن، واتە وەرگێڕان لەبواری زمانەوانیدا بەڕاستی پشتگیریان لێ دەکەم، خاڵێکی باشە کە زیاد بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ خاڵەکەی دکتۆر ناصحم کە ئەڵێت زاراوەکان بپارێزین بۆ دانانی زمانێکی ستاندارد، تا ئێستا زمانێکی ستانداردمان نیە، کێشەشمان لەوە بۆ دروست بووە لەمەکتەبەکانمان دەبینین بە دوو زاراوە دەخوێندرێ وئەوە دروست بووە، کەواتە لەخاڵی یەکەم سیاسەتی زمانەوانی لەهەرێمی کوردستان کار بکرێت بۆ بەرزترین، بەوەش زاراوەکان بپارێزرێت بۆ دانانی زمانێکی ستاندارد، کەوا زۆر گرنگی پێبدەین ئەوە یەك، خاڵێکی تریشم هەیە، خاڵی سێیەم، دانانی، فەرهەنگی یەکگرتوو کە لێرە تەعدیلەکە هیچ باسی نەکردووە، ئەمە گرنگە بۆ دانانی، چونکە ئەگەر بێت و فەرهەنگی یەکگرتوومان نەبێت، کە ئەوەش یارمەتی دەرە بۆ دانانی زمانێکی ستاندارد، لێرەش خاڵێکی ترم هەیە خاڵی شەشەم دووبارە لەتەعدیلەکە باسی نەکردیە، باسی کردووە بەس من زۆر پشتگیری لیژنەی پەروەردە ئەکەم کە لەوەرگێڕان لە بەرهەمەکانی رۆژ هەڵات کە ئەوەش زۆر گرنگە، دووبارە زانینی مەعلومات لەزمانەکانی تری، لێرەش خاڵی پێنجەم گرنگیدان بە خوێندنی مێژوو، جوگرافیا، پشتگیری لە لیژنەی پەروەردە ئەکەم، خوێندنی مێژوو، جوگرافیای کوردی و کوردستانی و رۆشنبیری و شارستانیەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم لە هەموارکردنەکە، بڕگەی یەکەم پێم باشە بکرێتە پاراستنی رەسەنایەتی زمانی کوردی وپەرەپێدان ودەوڵەمەند کردنی، دەوڵەمەند کردنەکە لە بڕگەی دووەم بێتە ئێرە، بڕگەی

دووەمیش کە تایبەتە بەمەسەلەی زمانی یەکگرتوو، بەقەناعەتی من زمانی یەکگرتوو یەعنی بەڕاستی ئەبێ کارێکی زۆری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی هەر نەتەوەیەك زمانە، تەماشا ئەکەین ئەگەر قورئانی پیرۆز زمانی عەرەبی یەکگرتوو کردبێ، تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە زمانێکی یەکگرتوومان هەبێت بەحوکمی ئەوەی کە دەسەڵات لەدەستی خۆمان نەبووە وبەحوکمی ئەوەی کە خۆمان نەمانتووانیوە بەرنامە رێژی بکەین بۆ ئەو مەجالە، بۆیە دەبێ ئەرکی هەرە لەپێشی ئەو ئەکادیمیایە یەکخستنی زمانی کوردی وهێنانە کایەی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بێت، من لەگەڵ ئەو رەئیەدا نیم کە دەڵێت وشەی یەکگرتوو لێرەدا نەمێنێت، زۆر زۆر پێویستە کە لێرە بمێنێ، من بەپێویستی ئەزانم بەم شێوەش دابڕێژرێتەوە، کارکردن بۆ گەیشتن بە زمانێکی فەرمی ستاندارەی یەکگرتووی کوردی بەسوود وەرگرتن لەوشەو زاراوەکانی تری شێوە زارەکانی زمانی کوردی، کارکردن بۆ گەیشتن بە زمانی یەکگرتوو، ئەوە بێتە پێشەوە، یەعنی سەرەتای بڕگەی دووەم لەبەر ئەوەی ئەرکە هەرە لەپێشەکە ئەو کارەیە، بەنیسبەت هی سێیەمیش بڕگەی سێیەم کە دەڵێت بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردیەکان وباسە زانستی وزمانەوانیەکان تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی رۆشنبیری بڕوات بەڕێوە، لەڕێی چی؟ دەبێ ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت لەڕێی نووسین وکۆڕ وکۆنفرانس یەعنی دەبێ ئێمە، کۆنفرانسی بۆ ئەنجام بدەین، کۆبوونەوەی بۆ بکەین، نووسینی بۆ بکرێت لەو رێگەیەوە بەو هۆکارانەوە بایەخی پێبدرێت، بەنیسبەت بڕگەی چوارەمیشەوە گرنگیدان بەکەلەپوری نەتەوایەتی کوردی، خۆی نەتەوەییەکە رێکترە، گرنگیدان بەکلتوری نەتەوەی کوردی، وا دابڕێژرێتەوە: گرنگیدان بەکلتوری نەتەوەی کوردی، بەنسبەت خاڵی پێنجەمیش گرنگیدان بە خوێندنی مێژووی کوردو کوردستان و رۆشنبیری وشارستانیەتیەکەی، بەڕاستی دەبێ لێرەشدا زمانیش بێتە پێشەوە، گرنگیدان بەخوێندنی زمان ومێژووی کوردو کوردستان، لەکۆتایش ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت ناوەندەکانی خوێندن لەکوێ بخوێندرێت دەبێ دیاری بکەین لەناوەندەکانی خوێندن، جا لەسەرەتاییەوە تاکو زانکۆ، بەنیسبەت بڕگەی شەشەمیشەوە دەڵێت دانان ووەرگێڕان لەزمانی کوردی و بۆی یەعنی بەقەناعەتی من ئەوە دەبێ دوو بڕگەی جودا بێت، مەسەلەی دانان ئەوە بەزمانی کوردی دایدەنێن یان بەزمانی عەرەبی، بەڵام وەرگێڕان بەزمانێکی تر دانراوە، تەئلیفەکە بەزمانێکی تر بووە تۆ وەری دەگێڕی بۆ زمانی کوردی، ئەبێ ئەو بڕگەیە ببێتە دوو بڕگە، لێك بکرێتەوە، لەبڕگەی حەوتەمیش کە دەڵێت بەدیکۆمێنت کردن و پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەکادیمیا زانستیەکان و زانکۆکان و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، هەروەها کاری هاوبەش و ئاڵوگۆڕی کلتوری یەعنی ئامانج لەوەیە، تەبادولی سەقافی لەبەینی میللەتاندا پێشنیاری ئەوەش ئەکەم، هەر لەو ماددەیەدا بڕگەیەك زیاد بکرێت ببێتە بڕگەی هەشتەم، ئەرکێکی ئەوە ئامانجێکی ئەو ئەکادیمیایە دانانی ئەنسکلۆپیدیا بێت، ئەنسکلۆپیدیایەك کوردستانمان نیە، بەڕاستی پێویستە ئێمە، ئەنسکلۆپیدیایەك هەبێت، بۆیە ئەبێ بکرێتە ئەرکێك ولێرە دیاری بکرێت بۆ ئەوەی ئەو ئەکادیمیایە پێوە خەریك بێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەم لەسەر خاڵی سێیەم هەیە کە ئەڵێت بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردیەکان وباسە زانستی و زمانەوانیەکان کەمن لەبری ئەو باسە زانستیە پێم باشە بکرێت بەتوێژینەوەکانی زانست یان مەسەلەن بابەتە زانستیەکان، ئەوە رەکیکە تۆزێك لەگەڵ بلێی باسە زانستی وزمانەوانیەکان لەخاڵی شەشەمیش مولاحەزەم هەیە لەسەر ئەو وشەیە بۆیە یەعنی بەڕاستی ئێمە، ئامانجی ئەم هەموارکردنە هەموو قسەکانمان خۆیان لە چوارچێوەی ئەوەدا یەك ئەگرێتەوە کەباسی پەرەپێدانی زمانی کوردی و مەسەلە کەشفی زمانی کوردی وئەمانە، بەلام بەداخەوە کە سەیری ئەم خاڵی شەشەمە ئەکەینە، یەعنی بچووکترین سیمای زمانەوانی پێوە نیە ئەوەندە بەرەکیکی ئەنووسرێت هاندان و پشتگیری کردنی دانان ووەرگێڕان لەزمانی کوردی و بۆی، یەعنی ئەوەندە رەکیکە نازانی مانا کوردییەکەی چیە کە ئەیدات بەدەستەوە، لەخاڵی حەوتەمیشدا کەئەڵێت بەدیکۆمێنت کردن وپتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەکادیمیا زانستیەکان و زانکۆکان بەڕاستی منیش مولاحەزەکەم لەسەر ئەوەیە کە چ جۆرە پەیوەندییەکە، یەعنی ئامانجی پەیوەندیەکە لێرەدا دیاری نەکراوە، مەفروزە وەکو ئەرکێك یان ئامانجی ئەو پەیوەندیە لەم خاڵەدا دیاری بکرێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش چەند تێبینیەکم هەیە یەکەم، خاڵی یەکەم، پاراستنی رەسەنایەتی زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەوە دابندرێت بۆی، خاڵی دووەم ئەمە سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەکی جوانتر کارکردن بەزمانێکی فەرمی ستانداردی یەکگرتوو بۆ دەوڵەمەند کردنی وشەو زاراوەی کوردی بەسوود وەرگرتن لە شێوە جیاکانی، شێوە جیاکان جوان نەهاتووە، بەڵکو بنووسرێت لەشێوەو زارەکانی زمانی کوردی، یەعنی لەهجاتی کوردی، خاڵی سێیەم لەجیاتی بەرزکردنەوە بنووسرێت گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەو باسە زانستی و زمانەوانیەکان، تاکو لەگەڵ پێشکەوتنی زمانی رۆشنبیری لەرێگەی کۆڕ و سمینارەوە بڕوات بەرێوە، خاڵێکی تریشم هەیە گرنگیدان بەکەلپوری نەتەوایەتی، ئێمە ئەمە کەلپوری نەتەوایەتی زیاتر پەیوەندی بەفکرەوە هەیە، بە ئایدۆلۆژیاوە هەیە، جا من پێم باشە گرنگیدان بەکەلەپوری نەتەوەیی کوردی، خاڵی پێنجەم گرنگیدان بەخوێندنی مێژووی کوردی وجوگرافیە وشوێنەواری کوردستان، یەعنی شوێنەواریشی بۆ زیاد بکرێت لەگەڵ جوگرافیا وەکو لیژنەی خۆمان کردوویەتی، خاڵی شەشەم ئەمەش بکرێت بە دوولقەوە یەکەم: گرنگیدان بەدانانی زمانی کوردی دووەم گرنگیدان بەوەرگێڕان لەزمانی کوردیەوە بۆ زمانانی تر و بەپێچەوانەشەوە بنووسرێت، خاڵێکی تریش ئەگەر زیاد بکرێت بەڕێزان گرنگیدان بەو دەستنووسانە ئێستا ئێمە، لەکوردستاندا بەتایبەتی لەلای فەقێ ومەلاکان، هەروەها حەتا لەمەکتەبەکەی بەڕێزیشتانا هی باوکت کاتی خۆی چەند شتێکی پیشانی مندا، دەورەیەك بکرێتەوە بۆ وەرگرتن وکڕینی ئەو دەستنووسانە، یەعنی باوەڕ ئەکەن ئێستا من دەستنووسی وام لایە، نزیکەی 18 دەستنووسم هەیە، هەمووی بۆ دووسەد ساڵ ئەگەڕێتەوە ئەگەر ئەم کۆڕە بتوانێت گرنگی بەدەستنووس ودەستنووسی کوردی

وتوێژینەوە لەدەستنووسەکاندا بدات، ئەمە کارێکی باشە، ئەگەر زیاد بکرێت ئەو خاڵە مەختوتە زۆر زەروورییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی دووەم، هەر لەگەڵ ئەوەدام مەسەلەی زمانە یەکگرتووەکە بێتە پێشەوە یەعنی گرنگی زیاتری پێبدرێت، یەعنی پاش وپێش بکەویتە بەدارِشتنەوەکەی وەکو برادەران باسیان کرد، لەخاڵی سێ وچواریش لەیەکێکیاندا باس لەئەدەب بکرێت، چونکە ئێمە، ئەزانین کەبەشێکی گرنگی مانەوەی زمانی کوردی یان ناسینەوەی هەر میللەتێك بەهۆی دەقە ئەدەبیەکانیەوەیەتی زۆرجار ئێمە، حەتا بۆ مێژووش سوودمان لە ئەدەب وەرگرتووە وەکو دەقەکانی ئەحمەدی خانی ویاخود نالی یان چەندین نووسەری تر کە هەمانە لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە ئاماژە بەمەسەلەی ئەدەب بکرێت یان لەخاڵی سێ بووترێت باسە زانستی و ئەدەبی و زمانەوانیەکان یان لەخاڵی چوار وەکو لیژنەی پەروەردە ئاماژەیان پێکرد، گرنگیدان بەئەدەب وکەلەپوری نەتەوەیی کورد بەنیسبەت خاڵی پێنج کەباس لەمێژوو ئەکات گرنگیدان بەمێژووی کورد وکوردستان ورۆشنبیری وشارستانێتییەکەی من لەگەڵ ئەوەدام کەباس لە نووسینەوەی مێژووش بکەین، ئێستا چونکە ئاماژەی پێنەکراوە پێشتر کەمێژوو نووسراوەتەوە بەهەر شێوەیەك لەشێوەکانە بەس ئەگەر ئێستا ئەو ئەکادیمیایە گرنگی پێبدات و بەئەرکێکی سەرشانی خۆی بزانێت بەڵام، نووسینەوەی مێژوو بەبێ لایەنی، چونکە تاکو ئێستا ئەو مێژووە نوێیە مێژووی هاوچەرخ کەئەنووسرێتەوە بەتایبەتی دوای راپەڕین لەوانەیە مێژوویەك بێت، لایەنگیری بێت، لایەنێك یان حزبێك یان شوێنێك پێی هەڵسابێت، گرنگ ئەوەیە شوێنێکی سەربەخۆ ئەو مێژووە بنووسێتەوە بۆ ئەوەی مێژووەکە بێ لایەن بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بۆ ئەم یاسایە گەڕام بەدوای ژمارەیەکی زۆر لە یاسای کۆڕی زانیاری وڵاتانی تردا، یەعنی ئەو قسانەی کە ئەیکەم هەوڵمداوە سوود لەمانە وەربگرم، ئەو ئامانجانەی لێرەدا ریزکراون کاری سەنتەری لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەکانن کەلەوڵاتی ئێمەدا هەیە، کاری بەشە کوردیەکانە کەلە چوار زانکۆکەی ئێمەدا هەیە، کاری ئەو بەشانەی زانستە مرۆڤایەتیەکانە کەلە جوگرافیاو مێژوو وکۆمەڵناسی لە زانکۆکانی ئێمەدا هەن، ئەبوایە بابەتی سەرەکی و ئەرکی سەرەکی کۆڕی زانیاری کەلە وولاتی ئێمەدا هەیە جگە لە مەسەلەی زمانی یەکگرتوو ئەبوایە بەم شێوەیە بوایە رێکخستن وپیادەکردنی توێژینەوە زانستیەکان

بەمەبەستی بەدەست هێنانی زانیاری نوێ سەبارەت بەیاساکانی گەشەکردنی سروشت، کۆمەڵ ومرۆڤ، بەمەبەستی بەرەو پێشەوە چوونی تەکنەلۆژی ئابوری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی لەکوردستاندا، ئەبوایە ئەمە ئەرکی سەرەکی کۆڕی زانیاری بوایە بەلام، ئەمەی ئێمە ریزبەندمان کردووە بەڕاستی کۆڕی زمانەوانیە من ئەمە هەر بۆ مێژوو ئەیلێم، بۆیە لەبەر ئەوە ئێمە یاسایەکی خراپ دەرئەکەین و کارێکی خراپ ئەکەین، هیوادارم نەوەکانی داهاتوو حسابێکی خراپمان لەگەڵدا نەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ تێبینی بچووکم هەیە، یەکەمیان: ماددەی سێیەم بڕگەی پێنج لەکۆتایی بڕگەکەدا زیاد بکرێت لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا، مەقسەدم ئەوەیە کە گرنگیدان بەخوێندنی مێژووی کوردو کوردستان و رۆشنبیری و شارستانیەتیەکەی لەکوێ؟ ئەگەر دیاری بکرێت لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بڕگەی حەوت ئەڵێت: بەدۆکیومێنت کردن وپتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکادیمیا زانستیەکان و زانکۆکان ومەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوەوەی هەرێم ودەرەوەی هەرێم، لەسەر ئەساسێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد نەکەین لەوکاتەدا، چونکە ئەوە موشتەرەکە هەیئەتەکە کێشمەکێشمی حزبی زۆر تێدا پەیدا ئەبێت و لەوە ئەچێ هیچ قازانجێکیش نەکەین، پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئەڵێ گرنگیدان بەپاککردنەوەی مێژووی کورد لەهەموو ئەو هەڵانەی کە دوژمنانی کورد خستوویانەتە مێژووی کوردەوە، ئەبێ گرنگی بەوەش بدرێت، مێژووی کورد پاك بکرێتەوە لەو هەڵانەی کەهەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من چەند تێبینیەکم هەیە بەتایبەتی بەنیسبەت پێشەکییەکەی ماددەی سێیەم، ئەم ماددەیە تەبعی لێرەدا بەحەقیقەت نەهەموارکراوە و نەهەڵیش وەشاوەتەوە، بەعەکسەوە فراوانکراوە، لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من ئەو هەڵوەشانەوە بکرێت بەفراوانتر، ماددەی چوارەم لەیاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1997 فراوانتر دەکرێت، بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە، یەعنی سیانی لەوەی پێشوو هەیەو چواریش ئیزافە کراوە لەبەر ئەوە فراوانتر کراوە، یەعنی لانەدراوە یان تەعدیلی تێدا نەکراوە، بەنیسبەت خاڵی دوو بەحەقیقەت ئێمە زۆر زۆر تەبیعیە کە لەهجەی جیاوازمان هەبێت لە زمانی کوردیدا، زۆر زۆر تەبیعیە کە زمانێکی نووسین و خوێندنەوەی ستانداردمان هەبێت، کە بتوانین شتەکان هەموو لایەك لێی تێبگات ئێستا بەحەقیقەت ئەوەی من لێی تێ ئەگەم ئەو کتێبە تازانەی کە دروست کراوە، تازە بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی ئەوانەی کە تێکەڵاویان نیە با بڵێین لەگەڵ مەناتقی سەرووتر واتە بادینانی، هەر زۆر

موشكيلەيەكی گەورە دروست بووە لەناو منداڵەكاندا، چونكە كەم تێ ئەگەن لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من ئەو زمانە ستاندارده ئەبێ بە مەراحيل بێت، يەعنی نابێ شتێكی زۆر فراوان تێكەڵاو بكرێت، چونكە موشكيلە دروست ئەبێت لەسەرەوە و لەخوارەوەش، يەعنی ئەبێ مەراحل دابنـدرێت وردە وردە تا جێگای شتەكان بكرێتەوە، بەنيسبەت خاڵی پێنجەم من لەگەڵ ليژنەی پەروەردە نيم خوێندن لابچێت، چونكە تۆ كاتێك ئەتوانی مێژووی كوردو كوردستان بگەيەنيتە خەڵك كە لە خوێندندا هەبێت، ئەگەر لە خوێندنـدا نەبێ چۆن بەرەئی من ئەمە ئەگەر صياغەيەك بكرێتەوە جوگرافياش ئيزافە بكرێت، بكرێت بەگرنگيدان بەخوێندنی مێژووی كوردو جوگرافيای كوردستان و رۆشنبيری و شارستانيەتی، خاڵی شەشەميش منيش تەئيدی كاك غەفور ئەكەم بەحەقيقەت ئەمە زۆر رەكيكە ئينسان لێی تێناگات ئەگەر بكرێت بەدوو بەش (أ ، ب) ئيحتيمالە بتوانرێت باشتر دابرێژرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا من ئەمەوێت پرسيارێك بكەم، لەوانە خوشكە ڤيان بەناوی ليژنەی پەروەردە ئەوە ئەخوێنێتەوە، ئايا ئەو راپۆرتەی ئەوان لەسەر ياسا كۆنەكەيە يان لەسەر هەمواركردنەكەيە؟ كە كۆبوونەوەيان كردووە من بيدايەت وتم هەستم كرد وتمان خۆمان حازر نەكردووە، وامزانی ئەوانيش حازر نەبوون، ئێستا وەكو ئەيخوێنێتەوە، لەسەر ياساكەيە كۆنەكە ئێمەش راپۆرتمان هەبوو، لەسەر ياسا كۆنەكە بەهەر حاڵ ئەوە يەك، دووە من پێم وايە ئێستا قسەی باشيش بكەم كەس نەما پشتيوانيم بكات، لەبەر ئەوە رەنگە قسەكانم نەيخوات جەنابی سەرۆك لە ئاخری ئەوانەی عادەتەن دەست هەڵئەگرن لەبەر ئەوە هيوادارم تۆزێك بەديقەت گوێم لێ بگرن، من گومانم هەيە بەڕاستی پرۆژەيەك يەعنی ئەو برادەرانەی كە مورەشەحن بۆ ئەو ئەكاديميا يان بۆ ئەكاديميا نووسراوەتەوە بەو شێوە ئەكاديميا ئامانجەكانيان بنووسرێتەوە، نە لە رووی زمانەوانی نە لەرووی ئەكاديمی نە لە رووی هيچ شتێكەوە رێك وپێك نيە، دەبوايە پرۆژە ياسای كۆڕی يان ئەكاديميای كوردی لە هەموو پرۆژە ياساكان بێ كەم وكوڕی بوايە، لەرووی زمانەوانی، لەرووی داڕشتنەوە، لەرووی رێكوپێكی ئامانجەكانيەوە، بەڵام بەڕاستی لە هەموو ئەوانەوەيە لە ئێستاوە من بەش بەحاڵی خۆم بەگومانەوە سەيری ئەو ئەكاديميايە ئەكەم كە دائەمەزرێت ئەوە يەك، دوو: من ئێستا بۆتان ئەسەلمێنم چەند نا ئەكاديميە دكتۆر دلێر ئەڵێن با كوردستانی بێت، ئەڵێت نا با كوردی بێت، كەچی ئامانجەكانی ئامانجی كوردستانين ئامانجی كوردی نين، بەهەرحاڵ دێمە سەر يەك بەيەكی خاڵەكان ئێستا، يەك خاڵی يەكەم پێم باشە وای لێ بكرێت، پاراستنی رەسەنايەتی و گەشەو پەرەپێدانی زمانی كوردی وای لێ بكرێت، پاراستنی رەسەنايەتی و گەشەو پەرەپێدانی، گەشەو پەرەپێدانی چۆنايەتی و چەندايەتيە، يەعنی هەردووكی بەيەكەوە لەرووی زمانەوانيەوە جوانتر ئەبێت ولەرووی ئامانجيشەوە باشتر ئەپێكێت ئەوە يەك، دوو: خاڵی دووەم پشتيوانی لە كاك دكتۆر ناصح ئەكەم كە دای رشتووەتەوە لەوەی سوود وەرگرتن لەزاراوەو وشەی شێوە جياجياكان بۆ گەيشتن بەزمانێكی فەرمی، زمانی فەرمی ئەوە برادەرانی پەروەردەش بەهەمان شێوە ئەڵێن زمانی فەرمی ديارە ئێمە، ئەتوانين زمانی فەرمی دروست بكەين بەڵام ناتوانين زمانی ستاندارد دروست بكەين يان زمانی يەكگرتوو دروست بكەين، چونكە مێژوو زمانی

ستانداردو یەکگرتوو دروست ئەکات، بەلاَم فەرمیەکە وانیە لەبەر ئـەوە ئـەو دارِشـتنەی کـاک دکتـۆر ناصـح کردی پێم باشە ئەوە بکرێـتە ئامانجی دووەم، سێیەم: دیقەت بدەن برادەرینـە کـە ئـەلێم نـا ئـەکادیمی ونـا زمانەوانیـە بەرزکردنــەوەی لێکۆڵینــەوە، بەرزکردنــەوەی لێکۆڵینــەوە یــەعنی چــی؟ عادەتــەن دەزگایــەك لێکۆڵینەوەیەك ئەکات بەرزی ئەکاتەوە بۆ دەزگایـەکی تـر، لێـرە بەومەبەسـتە نـەهاتووە زۆر نائـەکادیمی و زۆر نا زمانەوانیە، ئەوەی سێیەم بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردییەکان پـەروەردەش وابـزانم ویسـتوویانە بیگۆرِن، لەبەر ئەوە ئەو خاڵە من کورتم کردۆتەوە ئەگەر دیقەت بدەن، وا پێشنیار ئەکەم وای لـێ بکرێـت، چونکە هیچ مانایەك نادات بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردیەکان و باسە زانستی و زمانەوانیەکان، وای لـێ بکرێت بایەخدان بەزانستە زمانەوانیەکان یان زانستەکانی زمانەوانی، چونکە کۆرِەکە کۆرِی کوردیە، کـورت ئەکرێتەوەو مەعناکەشی باشتر ئەگەیەنێت، چوارەم: گرنگیدان بەکەلەپوری نەتەوەی کورد یان کوردایـەتی کە کاك غەفور کردی،ئـەوە پێویسـت ناکـات، چـونکە کـۆرِی زمـانی کـوردە، ئـەکادیمیای کوردیـە ئـەکادیمیای کوردستان نیە، ئەوە پێویست ناکات پێنجەم:گرنگیدان بەخوێندنی مێـژووی کـوردو کوردسـتان ورۆشـنبیری وشارستانیەتیەکەی، دیارە گرنگیدان بەخوێندن ئێمـە، وەزارەتـی پـەروەردەمان هەیـە، وەزارەتـی خوێنـدنی باڵامان هەیە، ئێمە زانکۆکانمان هەیە ئەوەی تایبەتە بەخوێندن نازانم ئـەو لێـرەدا هـاتووە چـۆن هـاتووە؟ لەبەر ئەوە بەش بەحاڵی خۆم بەپێویستی نازانم ئەوە لێرە هەبێت، هیچ پەیوەنـدی بـە ئـەکادیمیاوە نیـە، شەشەم/ هاندان وپشتگیری کردنی دانان ووەرگێرِان لەزمانی کوردی بۆ زمانی کوردی ئەوەش پێم باشە چی لە زمانی کوردی بـۆ زمـانی کـوردی ئـەوە ئەکادیمیایـە، ئـەکادیمیا یـەعنی لایەنـە زانسـتیەکەی وەرئـەگرێت کـەمتر لایــەنی ئــەدەبی ئەگرێتــەوە، کــەمتر جــانبی هونــەری ئەگرێتــەوە زیــاتر مەســەلە زمانەوانیەکــە ئەگرێتـەوە، لەبـەر ئـەوە پـێم باشـە وای لێبکرێـت هانـدان وپشـتگیری کردنـی دانـان و وەرگێرِانـی تایبـەت بەزمانەوانی لەزمانی کوردی بـۆ زمـانی کـوردی، تایبـەت بەزمانـەوانی، بـەدیکۆمێنت کـردن و پتـەوکردنی، ئەوە ئیعتیادیە، پێشنیاری ئاخیریشم ئەوەیە بەرِاستی تۆزێك نارێك وپێکی هەیـە، رەئـی جیاجیـاش هەیـە رەئی زۆر باشیش درا، نیو سەعاتێك لیژنەیەك یان جەنابتان بەپێی ئەو رایانە رێك بخرێـت، ئینجـا دوایـی بێین دەنگی لەسەر بدەین لەرووی زمانەوانیـەوە، لـەرووی زانسـتیەوە رێـك بخرێتـەوە، ئامانجـەکانی دیـاری بکرێت، ئەوجا دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی قسەیان کرد بەشێکی زۆری قسەکان لەسەر زمان وکەلیماتە کە ئیختلاف لەسەر هەیە، بەلاَم ئەوەی کە گرنگە لەقسەکاندا پێویستی بەوە هەیە دەنگی بۆ بدەین، یەکلای بکەینەوە مەسەلەی خاڵی دووەمە، کە زمـانی فـەرمی یـەکگرتوو بێـت یـان یـەکگرتوو نـەبێت، لیژنـەی پـەروەردە دەڵـێن یەکگرتووەکـە لابچـێت، هەنـدێك ئەنـدامی پەرلـەمان وتیـان یەکگرتووەکە بمێنێـت، بۆیـە ئـەو وشـەیە دەخەمـە دەنگـەوە، چـونکە زۆریش قسەی لەسەر کرا، نامەوێت قسەی بکەم و دوایـی بڵـێن دیسـان رەئـی خـۆی داو ئەوانە،چـونکە زۆر ئیغنـا کـراو بـاس کـرا، ئـەوەی کـە وتـی یـەکگرتوو بێـت، ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە پێویسـتیمان بـەزمانێکی یەکگرتوو هەیە، ئەمە پێویست ناکات بیشارینەوە لەهجاتمان هەیە بادینیە سۆرانیە بەئیسـتلاَح هەورامیـە ....... الی اخرە لەوەش شەرم نەکەین ئـەوەی وتـی نـەخێر پێویسـت بەیەکگرتووەکە ناکـات، ئێمـە زمانمـان هەیە تەنها ئەوەندەیە با فەرمی بێت موفتەرەحی لیژنەی پـەروەردە دەخەمـە دەنگـەوە ئـەو کەلیمـەی لـە دووەمدا کەلیمەی یەکگرتووەکە لابرێت کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکـات تکایـە؟ 13 کەسـن فـەرموون،

**کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینە لەگەڵدایە کەواتە دەمێنێتەوە ئەوانی تر، لەڕاستیدا واوەکە گرنگە هی سێیەم دەڵێت بەکوردیەکەی بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە کوردیەکان و باسە زانستیەکان، ئەو دەڵێت لەسەر ئاستی زمانەوانی بێت فەقەت، یەعنی بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوە زانستیەکان لەسەر ئاستی زمانەوانی کوردی، بەڵێ ڤیان خان زیاتر شەرحی بکە بۆ ئەوەی لێی تێبگەین.**

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەرزکردنەوەی ئاستی لێکۆڵینەوە کوردیەکان وباسە زانستیە زمانەوانیەکان، واتە بەرزکردنەوەی ئاستی لێکۆڵینەوەو باسە زانستیە زمانەوانیەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لە عەرەبیەکەدا وا هاتووە دەڵێت النهوض بالدراسات الكوردية والبحوث العلمية واللغوية، ئەمە عەرەبیەکەی زۆر راستە، عەرەبیەکە ئەساس بێت و کوردیەکەش وەکو عەرەبیەکەی لێ بکرێت، لەپێنجەمدا خۆی بزانن کەلیمەی عینایەیە، لەبەر ئەوە هەندێك برادەر داوای کرد کە لێرە جگە لە مێژوو جوگرافیاو شوێنەواریش بێت، ئەوە زۆر تەبیعیە، عینایە زۆر تەبیعیە ئێمەش هەموو ئامانجمان ئەوەیە عینایە بدەین، لەبەر ئەوە پێم وایە زۆر لەئەندامانی بەڕێز ئاماژەیان بەوەکرد کەپێویستە وشەی جوگرافیاو ئاسەواریشی تێدا بێت، ئەوە بەهەند وەربگیرێت پێویستی بەدەنگدان نیە، چونکە دەوڵەمەندی ئەکات ئیختلاف لەسەر نیە، زۆریشیان ئاماژەیان پێکرد شەشەم: تشجيع وتعضيد التأليف والترجمة من والى اللغة الكوردية. ئەندامانی پەرلەمان وتیان لە بواری زانستی، چونکە تەرجومە، ریوایە تەرجومە ئەکرێت، بەڵام بواری زانستی ئەوە تەشجیعە، ناڵێ ئێمە پێی هەڵئەسین، پشتگیری کردنە، پشتگیری کردن لەوەی کەلیمەی زانستی تێدابێت یان تێدا نەبێت پشتگیری دەکات، ئەگەر ئیمکانیەتی هەبێت مالیەی هەبێت دەعمی ئەکات، یاخود لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەکات، رەئی لەسەر ئەدات، هەموو شتێك ئەبێت، ئەگەر بواری زانستیش نەنووسرێت، من پێم وایە تەبیعیە بەڵێ ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی پەروەردە لە خاڵی شەشەمدا ئەڵێت: لەبواری زانستی زمانەوانی ولقەکانی نەك تەنها زانستی، زانستی هەموو لایەنێك ئەگرێتەوە بەڵام، ئێمە لێرە مەبەستمان تەنها زانستی زمانەوانی ولقەکانیە، لقەکانی زانستی زمانەوانی، زمانەوانی زانستێکە زۆر فراوانە پێنج لقی سەرەکی هەیە، زمانەوانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، زمانەوانی دەروونیمان هەیە، زانستی دیالۆکتۆلۆجیمان هەیە، لقی زانستی شێوە زارەکانمان هەیە، زمانەوانی جوگرافیامان هەیە، ئەو هەموو لقانەی زانستی زمانەوانی زۆر زۆر پێویستە، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت تا ئێستاش ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەوەی زمانێکی فەرمی یەکگرتوو یان بڵێین زمانێکی ستانداردی کوردیمان هەبێ، لە بەر ئەوەیە کە ئێمە، بەڕاستی ئەو زانایانەی کەهەمانە لەبواری زمانەوانیدا تەنها گرنگی بەلایەنی رێزمان ئەدەن، زانستی زمانەوانی وەك گرنگی دان بەلایەنی زمانەوانی**

ڕێزمانی ئەوەیەك لایەن ئەگرێتەوە ئێمە، تا ئێستا دیراسەمان لەبواری زمانەوانی جوگرافیای کوردیمان نیە، لە زمانەوانی کۆمەڵایەتیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس، باش تێگەیشتین ئەو موقتەرەحەش کەس ئیعتزازی نەگرت، موقتەرەحەکە دیسانیش ئەڵێم پشتگیری کردنە لە تەئلیف، ئەو ئەوانە ئەگەر ئەو وشەیەشی تێدا بێت لەبواری زانستی زمانەوانی ئەوە دەوڵەمەندی ئەکات و هیچ ئیختلافی لەسەر نیە و، ئەوەش ئیزافە بکەن کاك عونی، في مجال علم اللغه وفروعها، خاڵی یەکەم زۆر مولاحەزەی لەسەر درا لەسەر ئەوەی کە پاراستنی ڕەسەنایەتی وگەشەپێدانی، خۆی لەڕاستیدا پاراستنی ڕەسەنایەتی وگەشەپێدانی زمانی کوردی وپەرەپێدانی، چونکە یەکەم جار ئەیپارێزیت، دوایی پەرەی پێ ئەدەیت، ئینجا لەبەر ئەوە باش هاتووە ئەگەر بکرێت پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەو پەرەپێدانی، ئا بەو شکلە چاك دەبێت، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی پێش ئێستا جەنابت قسەت لەسەر خاڵی شەشەم کرد، خاڵی شەشەمیش کە دەڵێت تشجیع وتعضید التألیف والترجمة من والی اللغة الکوردیة. بەتەسەوری من ئەوە تەنها مەسەلەی زمانەوانی ناگرێتەوە، مەسەلەن بەحسێکی عیلمی ئەگەر تەرجومەی کوردی بکرێت، ئەمە دەیگرێتەوە، یەعنی تەنها علومی لوغە نیە، علومەکانی تریش ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەعەرەبیەکەدا باشتر دێت: تشجیع وتعضید التألیف والترجمة من والی اللغة الکوردیة في مجال البحث العلمي، ڤیان خان ئەو مولاحەزەیە بەهەند وەربگرەو دەڵێن سەحبی بکە.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگیدان بەبوارەکانی زانستی زمانەوانی زۆر زۆر گرنگە، من لێرەش سەحبی ئەکەمەوە داوا ئەکەم لەخاڵی پێنجدا زیاد بکرێت، داوا ئەکەم لە گرنگیدان بەلێکۆڵینەوە لە بوارە زانستی زمانەوانی ولقەکانی، یەعنی لەوێ زیاد بکرێت، چونکە بەڕاستی ئێمە زۆر پێویستیمان بەوە هەیە لەبواری زانستی زمانەوانی ئێمە زۆر زۆر لاوازین زۆر پێویستیمان هەیە دیراساتمان هەبێت لەو هەموو بوارانەدا، زۆر پێویستیمان بەوە هەیە زانا پێبگەیەنین لەو بوارانەدا کە ئێمە ئێستا، نیمانە ئەمەویت یەك کەسمان هەبێت لەکوردستاندا ئیختصاصی سۆشۆلۆنگستیك بێت، ئیختصاص نیە، ئیختصاصی زانستی شێوەزار بێت نیە، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا شتێك هەیە شەشەم کە لیژنەی پەروەردە داوای کرد لە پێنجەمدا وای لێ بێت، العنایة بدراسة تأریخ الکورد وکوردستان واثارها وثقافتها والاهتمام بعلم اللغة وفروعها.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیکەینە فەقەرەیەکی موستەقیل، بۆیەش ئێمە فەقەرەیەکمان زیاد کردبوو، بۆ ئیحتیات کردمان بەخاڵی هەشت: گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی زانستی زمانەوانی و لێرە لەگرنگیدانەکە لەبەر ئەوەی خاڵی شەش وای لێ دێت ئەڵێین گرنگیدان و هاندانی نووسین بە زمانی کوردی و تەرجومە کردن لێی لەبواری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و لەبواری زانستی زمانەوانیدا، یەعنی بیکەینە فەقەرەیەکی جیا بۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی یەکەمیان پەرەپێدان لە تەعریفی زاراوەکاندا تەتەور پەرەپێدانە بۆ شتێکە نەبووبێ، یەکەمجار دەست پێ بکەین، تەتویر بریتیە لەگەشەپێدان لەگەڵ تەنمیەدا هەردووکیان یەك مانایە، بەڵام تەنمیە زۆرتر بۆ بواری ئابووری بەکاردێت، بەڵام تەتویر بریتیە لە گەشەپێدان لەبەر ئەوە لێرەدا ئەبێت بەگەشەپێدان چونکە ئیشی زۆر کراوە، یەعنی لە 70 وە بەلای کەمەوە کۆڕی زانیاری کوردی زیاد لە 20 مجەلەی دەرکردووە لەو بوارەدا کە ئیشی باشی کردووە، ئەوە بکرێت بەگەشەپێدان لەباتی تەتویر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خوێندمەوە کاك محمد وتمان لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان، پاراستنی رەسەنایەتی، ئەوە نوقتەیەکە رەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەو پەرەپێدانی، ئاخر لە ناحیەی زمانەوانیەوە ناتوانین بڵێین پەرەپێدان و گەشەکردنی، وەڵڵا ئەو ئیختلافە لێرەدا دەلیلی ئەوەیە ئەو مەجمەعە زۆر زەروریە هەبێت، باشە گەشەپێدانی.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابێینە سەر زمانەوانی، زمان دوو بەشە، بەشێکی رێزمانە، بەشێکی ئەدەبە، کەلێرەدا ئەڵێین زانستە زمانەکە منیش تەئیدی لیژنەی پەروەردە ئەکەم، زانستەکان زۆرن مەسەلەن علمی ئەصوات، عیلمی دەنگەکان، ئینجا عروز و کۆمەڵێك شتی تر هەیە، پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە، ئەمانە زانستن ناچێتە بواری تر، ئەمە بواری زمانە بەتایبەتی لەبەر ئەوە زۆر لەماددەی سێ خۆی زۆر باش هاتووە، بەرزڕاگرتنی لێکۆڵینەوەی باسە زانستیە زمانەوانیەکان ئیتر لێکۆڵینەوەی کوردی چیە، کە تۆ ئەڵێیت زانستە زمانەوانیەکان هەموو شتێك ئەگرێتەوە ئەدەبیش ئەگرێتەوەو رێزمانیش ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە کوردیەکانی ناوێت، هەر لێکۆڵینەوە لەبواری زانستی زمانەوانیەکاندا کە هەموو بەشەکانی

علمی صوت ئەگرێتەوە، عروز ئەگرێتەوە، بوارەکانی ئەدەب وەکو جەنابیشت ئیشارەتت پێکرد بەشەکانی ئەدەب ئەگرێتەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، سێ ئەندام باسی زاراوەکانمان کرد، بامن تەئکید بکەمەوە لەسەری ئەگەر ئێمە رەسەنایەتی ئەو زاراوانە نەپارێزین چۆن ئەتوانین زمانێکی یەکگرتوو یان زمانێکی فەرمی کوردی دروست بکەین؟ لەبەر ئەوە ئەو زاراوانە زۆر پێویستن ئێمە، بیان پارێزین پێشنیارێکی ترمان کرد بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە دوو ئەندام پەرلەمانیش پشتگیری منیان کرد، یەکێکیان کاک ئارێز بوو ئەوی تریان کاک غەفور مەخموری بوو، عەینەن تەقریبەن ئەوەی منی داڕشتەوە، چونکە بەڕاستی خاڵی دووەم زۆر رەکیکە، ئاوا بەو شێوەیە بێت ئەوەی کە ئێمە، دامان ڕشتووە ئەو دروست ترە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زاراوە بەشێك نیە لەپەرەپێدان، بۆیان شەرح بکە کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زاراوە موصتەڵەحە یان شێوەزار یان زارەکان تەبعەن ئەوە لەناحیەی ئەوەوە کە هەمووماں ئەزانین شێوە زارەکانی زمانی کوردی نەك زاراوە زاراوە دەکات موصتەڵەحات سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەوێ بزانم ئیختلافەکە دەگاتە کوێ؟ فەرموو کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موشکیلەم نیە بابیکەنە شێوەزار، بەڵام ئەبێ ئەو شێوەزارانە بپارێزین هەتا بتوانین زمانێکی یەکگرتوو دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەناکەم بەڕاستی من پێشنیارەکانی خۆم هەموو ئەو ماددەیەم داڕشتۆتەوەو بۆ بەڕێزتانم ڕەوانە کرد، ئەگەر تەماشای بکەن، لەوانەیە بەشێك لە كێشەكان چارەسەر بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر لیژنەکان ڕاپۆرتیان نووسیوە، ئەبێ هی ئەوان بەهەند وەربگیرێت، ڕەئی جەنابت بەسەرچاو بەڕێزەو لەپێشمە، بەڵام ئەندامێکی ئەبێ یەکەمجار لیژنەکان کە کۆبوونەوەیان کردووە، شتیان حازرکردووە، ئەگینا ئەوەم لە پێشەو هەندێکیشیم وەرگرت، هەندێکیشی ئیستیفادەم لێ کردو، خستمە ناو قسەکانم کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ برگەی پێنجەم پێشنیارێکم هەیە کە ئەگەر بکرێت بەگەشەپێدانی مێژوو و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کوردو کوردستان، بۆ خاڵی حەوتەمیش بەڕاستی سەیرە، لەکوردی و عەرەبیەکە جیاوازیەکی زۆر هەیە، لە عەرەبیەکە دەڵێت توثیق وتعزیز العلاقات، بەکوردیەکە دەڵێت بەدیکۆمێنت کردن، لێرەدا بەدیکۆمێنت کردن نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە، ڕەئیمان وایە بەتەواوەتی 10 دەقیقە تا چارەکێك لیژنەی ڕۆشنبیری و پەروەردەو یاسایی، ئەگەر زیاد بکەم ئیختلافەکە هین ناکەن، کاك غەفور موفقتەرەحاتی هەیە، لەگەڵ دکتۆر ناصحیش لەگەڵ دکتۆرە شوکریە، چارەکێکی تر ئەگەڕێینەوە تەوحیدی ئەو ڕەئیانە بکەن بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین، تکایە فەرموون. ئەوانەی کە تەکلیفکران بۆ یەکخستنی بۆچوونەکان بەم شێوەی خوارەوە ماددەکەیان داڕشتەوە کە بۆتان دەخوێنمەوە پێش ئەوەی بیدەمە دەنگدان.

1-پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەو پەرەپێدانی.

2-کارکردن بۆ گەیشتن بە زمانێکی فەرمی یەکگرتووی کوردی بەسوود وەرگرتن لە وشەو زاراوەکانی گشت شێوە زاراوەکان.

3-بایەخدان بەلێکۆڵینەوەو باسە زانستی وزمانەوانیەکان.

4-گرنگیدان بە کەلتوری نەتەوەیی کوردی.

5-گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی مێژوو و جوگرافیا و شوێنەواری کوردو کوردستان.

6-هاندان وپشتگیری کردنی دانان ونووسین بەزمانی کوردی وبایەخدانی زانستی زمانەوانی بەهەموو لقەکانیەوە.

7-گرنگیدان بەوەرگێڕان لە زمانی کوردیەوە بۆ زمانی تر بەپێچەوانەشەوە.

8-پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیا زانستیەکانی زانکۆکان و مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.

ئەوە بەو شێوەیە بوو فەقەرەی یەکمان کردە دوو فەقەرە، بەڵێ کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، دەنگماندا لەبۆ زمانی یەكگرتوو، لێرە لەو سیاغە دەبینین باسی زمانی فەرمی دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر یەكگرتوومان وت كاكە، ئینتیباهت نەكرد، فەرمی یەكگرتوو خوێندرایەوە دیقەتت نەكردووە، بۆت دەخوێنمەوە جارێكی تر كاركردن بۆ گەیشتن بە زمانێكی فەرمی یەكگرتووی كوردی بەسوود وەرگرتن لە وشەو زاراوەكانی گشت شێوە زارەكان. شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە، سێ كەس بووین كەباسمان كرد جۆری پەیوەندیەكە دیاری بكرێت و بەو شێوە شمولیە نەبێ، ئامانجی ئەو پەیوەندیە دیاری بكرێت، سێ كەس تەئكیدمانە كردەوە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام ئێستا گۆڕانكاری بەسەر ئەو خاڵەدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئامانجەكە مەعلومە بەپێی ئەو قانونە دیاری كراوە، خۆ ئەوە قسەی خۆتە دكتۆرە شوكریە دەی باشە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە لەناوەوەی هەرێم ودەرەوەی كوردستان ئەوەمان زیاد نەكردووە، خاڵی هەشتەم ئەبێت، بزانە لای تۆ خاڵی كۆتایی لەدەرەوەو ناوەوەی كوردستان ئەوەت زیاد نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پتەوكردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەكادیمیا زانستیەكانی زانكۆكان و مەڵبەندەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان. باشە من ماددەكە ئەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە ؟ یەك كەسی لەگەڵدا نیە، دكتۆر دلێرە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی چوارەم فەرموون.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.